دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵدا

# کوردستان

www. kurdistanukurd.com

ژمارە: ٥٦٧

چوارشەممە ٣٠ی خەرمانانی ١٣٩٠ ـ ٢١ی سێپتامبر ٢٠١١ · ١٥٠ تمەن · ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

پەیام



پەیامی دەفتەری سیاسی بە بۆنەی نۆزدەیەمین ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانییەوە
٣

سیاسی



دیسان رەزبەر و ساڵێکی دیکەی خوێندن
٤

سیاسی



دوکتور شەرەفکەندیی رێبەر، وەک نووسەرێک
٥

بیرو رای ئازاد



بە بیانووی دژایەتی لەگەڵ کەمپ
٨

# تا وەدیهێنانی ئامانجەکانت لە سەر رێگاکەت بەردەوام دەبین




١٩ ساڵ دوای تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات و هاوڕێیان فەتاح عەبدولی، هومایوون ئەردەلان و نووری دێهکوردی لە لایەن رێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامییەوە، بیرەوەریی ئەم رووداوە و ناو و یادی دوکتور شەرەفکەندیی رێبەر و خزمەتەکانی بە حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان هەروا هاندەری تێکۆشەرانی دیموکرات و خەباتگێرانی نەتەوەی کورد بۆ بەردەوامبوون لە سەر رێگا و ئامانجەکانیانە.

لە نۆزدەیەمین ساڵڤەگەری تیرۆری میکۆنووس دا، تێکۆشەران، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان، بە شێوەی جۆراوجۆر یادی ئەم کارەساتە و کەسایەتی و خزمەتەکانی شەیهیدەکان بەتایبەتی دوکتور شەرەفکەندیی رێبەریان کردەوە و وێڕای دووپاتکردنەوەی وەفادارییی خۆیان بە رێگا و ئامانجەکانی ئەو رێبەرە، بەڵێنیان نوێ کردەوە کە تا کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی حاکمانی سەرەرۆ و تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی و وەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی شەرەفکەندیی رێبەر، لە سەر خەبات بەردەوام بن.

هەر لەم پێوەندییەدا لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب کۆڕیادێک بە بەشداریی ئەندامانی رێبەری، سەدان تێکۆشەری حیزبی و بنەماڵەکانی دێموکرات پێک هات. لەو کۆڕەدا جگەلە پەیامی دەفتەری سیاسی، دوو باس، یەکەمیان لەسەر کەسایەتی، نووسین و بیرو روانگەکانی دوکتور شەرەفکەندی و دووهەم، لەسەر پەروەندە و دادگای میکۆنووس، پێشکەش کران.

بانگەواز

## گرتن و سەرکوتی ناڕازییانی ئازەری و کورد دەبێ بوەستێندرێ

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**
**ئازدیخوازانی کورد و ئازەربایجانی!**

هەروەک ئاگادارن رێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی، جگە لەو تاوانە گەورانەی لە سی و دوو ساڵی رابردوودا لە بوارەکانی مافی سیاسی، مەدەنی و دیموکڕاتیک دا، دژی پێکهاتە جیاوازەکانی خەڵکی ئێران ئەنجامی داون، لە بواری ژینگە و جۆری کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوە ژێرزەوییەکان و هەروەها پێشکەش کردنی خزمەتە ژینگە پارێزییەکانیشدا، بەهۆی بەڕێوەبەریتیی نەزانانە و بێتوانایی خۆیەوە، بارودۆخێکی قەیرانیی پێک هێناوە. ئەگەرچی سەرجەم ناوچەکانی ئێران هەر ئێستا بە دەست گرفتە گەورە و جۆراوجۆرەکانی ژینگەییەوە دەناڵێنن، لە چەند ساڵی رابردوودا پسپۆرانی ژینگە زۆر جار لەبارەی وشکبوونی گۆلی ورمێوە، کاربەدەستانیان وریا کردۆتەوە، بەو حاڵەش، داخوازی پسپۆران و خەڵک لەگەڵ رەتکردنەوەی گەڵاڵەی دوو جار بەپەلە لە لایەن مەجلیسی شووڕای ئیسلامییەوە و سەرکوت و گرتن و بریندارکردنی نارەزایەتی دەربڕینی هێمنانەی پارێزگاکانی ورمێ و تەورێز لە پێوەندی لەگەڵ فریاکەوتنی گۆلی ورمێدا بەرەوڕوو بوو. دانیشتوانی تورک و کوردی ورمێ و خەڵکی شاری تەورێز، رۆژەکانی ٣ و ١٢ی خەرمانان هاتنە سەر شەقام و داوای فریاکەوتنی گۆلی ورمێیان کرد، بەڵام بەداخەوە لەگەڵ دژکردەوەی توندی هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم بەرەوڕوو بوون و دەیان کەس لەوان گیران و ژمارەیەکیش بریندار بوون. گرتنی ناڕازییان و رێکخراوی حەرەکەتی هێمنانەی نارەزایەتیدەربڕین لە پێوەندی لەگەڵ گۆلی ورمێدا، بەداخەوە تا ئێستاش درێژەی هەیە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای مەحکووم کردنی سەرکوت و توندوتیژی نواندنی حکوومەت بەرامبەر داخوازی رەوای خەڵک بە مەبەستی پێشگیری لە وشکبوونی گۆلی ورمێ و بەردەوامیی گرتنی ناڕازییان و چالاکانی ژینگە پارێز، داوای ئازادیی هەرچی زووتری گیراوەکان دەکا. هەروەها لە هەموو ناوەندەکان و رێکخراوە ئێرانی و نێونەتەوەییەکان، چالاکان و ژینگە پارێزان داوا دەکا هەرچی لە توانایان دایە بۆ پێشگیری لەم کارەساتە ژینگەیی یە ئەنجامی بدەن بۆ ئەوەی هاودەنگی و هاوپێوەندی لەگەڵ ئۆگران و دڵسۆزانی ژینگە و بەتایبەتیی گۆلی ورمێ، رێژیمی ئێران ناچار بە گرتنەبەری رێوشوێنی بەپەلە بکا.

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**
**کوردانی تێکۆشەر!**
**ئازادیخوازانی ئازەربایجانی!**

ئەم باروودۆخە قەیرانییە کە سەبارەت بە نەبوونی حکوومەتێکی دیموکراتیک و خەڵکی لە ئێران، تووشی وڵاتەکەمان بووە داوامان لێ دەکا جارێکی دیکە چ لە گۆڕەپانی سیاسی و چ لە مەیدانەکانی دیکەدا، ئەزموونی مێژوویی و پڕشنگداری چەند دەیەی پێشتر دووپات کەینەوە کە بریتییە لە یەکگرتنی دیموکڕاتیکی کوردستان و ئازەربایجان لە دەیەی ٢٠ی هەتاویدا.

ل ٢

## سەردانی سەرکۆنسۆلی ئامریکا لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان



پێشنیوەڕۆی رۆژی یەکشەممە، ٢٧ی خەرمانان، وەڤدێکی کۆنسۆلی ئامریکا لە هەولێر بە سەرپەرستیی بەرێز سەرکۆنسۆل «ئالێکس» چاوی بە هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان: کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی و کاک عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب کەوت.

لە پێوەندی لەگەڵ ناوەڕۆکی باسەکانی ئەم دیدارەی نێوان وەڤدی ئامریکایی و حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، بەرێز عومەر باڵەکی بە ناوەندی هەواڵی «کوردستان و کورد»ی راگەیاند کە: لەم چاوپێکەوتنەدا کە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات پێک هات هەر دوو لا لە پێوەندی لەگەڵ گۆڕانە سیاسییەکانی ئەم دوایانەی رۆژهەلاتی ناڤین و باکووری ئافریقا، بارودۆخی سیاسی و مافی مرۆڤ لە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

لەم دیدارە سیاسییەی نێوان وەڤدی کۆنسولی ئامریکا و هەیئەتی حیزبی دێموکرات دا، بەرێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان روانگە و بۆچوونی حیزبەکەی لە پێوەندی لەگەڵ رووداوە سیاسییەکانی ناوچەکەدا خستەروو، و هەروەها سەبارەت بە باروودۆخی سیاسی و مافی مرۆڤ لە ئێران و بەتایبەت رۆژهەڵاتی کوردستان وەڤدی میوانی ئاگادار کردەوە.

وەڤدی ئامریکایی خۆشحاڵی خۆی لەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەربڕیوەو وێڕای بەرز نرخاندنی پێوەندییەکانی نێوان هەر دوو لایەنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکاو حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروەها پشتیوانیی دەوڵەتی ئامریکای لە بزووتنەوەی رەوای گەلانی ئێران و نەتەوەی کورد دژ بە دیکتاتۆری دووپات کردۆتەوە.

جێی ئاماژە پێدانە کە وەڤدی کۆنسولی ئامریکا لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان لە درێژەی کاری سەردانەکەیان دا بۆ دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە هاوڕێیی هەیئەتی حیزبی دێموکرات سەردانی بەشێک لە دام و دەزگا و ئۆرگانەکانی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد.

## بورهانەدین ڕەبانی سەرۆک کۆماری پێشووی ئەفغانستان تێرۆر کرا



بورهانەدین ڕەبانی سەرۆک کۆماری پێشووی ئەفغانستان لە هێرشێکی خۆکوژی دا لە ناوچەی دیپلۆماتیکی کابول تێرۆر کرا. ڕاگەیاندنەکانی ئەفغانستان ئاشکرایان کرد کە ڕەبانی پاشنیوەڕۆی سێشەممە ٢٩ی خەرمانان لە ماڵەکەی خۆیدا لە کابولی پایتەختی ئەو وڵاتە تێرۆر کراوە. ناوبرا سەرۆکایەتیی کۆڕی ئاشتیی میللیی ئەفغانستان بوو.

بۆرهانەدین ڕەبانی بناخە دانەری حیزبی ئیسلامیی ئەفغانستان، ساڵی ١٩٤٠ زایینی لە فەیزئاباد لە ولایەتی بەدەخشان هاتە دنیاوە. بۆ تەواوکردنی خوێندن ڕووی لە میسر کرد و ساڵی ١٩٦٨ فەوقی لیسانسی لە بەشی فەلسەفەی ئیسلامی دا لە زانکۆی ئەزهەر بەدەست هێنا. ساڵی ١٩٧٨ و پاش هێرشی سوپای سوور بۆ سەر ئەفغانستان و داگیرکردنی ئەو وڵاتە، ڕەبانی و حیزبەکەی وەک گەورەترین پارتی سیاسی ئەو وڵاتە دەستیان دایە چەک و سەرئەنجام سوپای یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوویان لەو وڵاتە دەرکرد. پاش ڕوخانی حکوومەتی کومونیستی لەو وڵاتە، ڕەبانی بووە سەرۆک کۆمار و تاکاتی داگیرکرانی کابول لە لایەن تالبانەوە لە ساڵی ١٩٩٦ دا، ناوبراو وازی لە دەسەڵات هێنا و گەڕایەوە شوێنی لە دایک بوونەکەی. پاش ڕوخانی حکوومەتەکەی تاڵبان بۆ جارێکی دیکە هاتەوە کابول و ئەمجارەیان سەرۆکایەتیی کومیتەی ئاشتیی ئەفغانستانی گرتە ئەستۆ و تاکاتی مردنی لەو پۆستە دا مایەوە.

## بەڕێوەچوونی سمینارێک بۆ رێزگرتن لە رۆڵ و کەسایەتیی شەهید د.شەڕەفکەندی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک





رۆژی شەممە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٩٠ی هەتاوی لە نۆزدەیەمین ساڵیادی شەهیدکرانی د.سەعید شەڕەفکەندی و هاوڕێیانی بە دەستی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی، سمینارێک لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو.

لە سەرەتای ئەو سمینارەدا کە لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی سەر بە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە بەشداریی ئەندامانی رێبەری و سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە بەڕێوەچوو، پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەم بۆنەیەوە لە لایەن بەڕێز حەسەن قادرزادە، ئەندامی دەفتەری سیاسییەوە خوێندرایەوە.

لە بەشێکی دیکەی سمیناردا بەڕێز قادر وریا لە پێوەندی لە گەڵ کەسایەتیی شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی و نووسینەکانی دا باسێکی پیسکەش کرد.

لە دوایین بەشی ئەم سمینارەدا بەڕێز عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسێکی لە سەر پەروەندەی میکونوس و چۆنیەتی تێرۆرکردنی رێبەرانی حیزبی دێموکرات لە بێرلینی پێتەختی وڵاتی ئاڵمان پێشکەش کرد.

— — — — — —

## فستیڤاڵێک بۆ یادی دیلانی شاعیر و هونەرمەند لە سلێمانی



لە شاری سلێمانی، فستیڤاڵێک بۆ یادی دیلانی هونەرمەند و شاعیر بەڕیوە چوو.

یەکیەتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی، لە هۆڵی تەواری شاری سلێمانی، فستیڤاڵێکی دوو رۆژەی بۆ یادی سالح دیلانی شاعیر و هونەرمەند پێک هینا.

ئەو فستیڤاڵە رۆژی شەممە، ٢٠ ی خەرمانان بە بەشداریی سەدان شاعیر، نووسەر و هونەرمەند و کەسایەتیی رووناکبیری و بە وتاری لقی سلێمانیی یەکیەتیی نووسەرانی کورد دەستی پێ کرد کە لە لایەن سەرۆکی لق، د.شێرکۆ عەبدوڵلاوە خوێندرایەوە.

هەر لە دەستپێکی فستیڤاڵ دا بە ناوی هەموو بەشدارانی فستیڤاڵەوە، بە رێزەوە یادی نووسەر و ئەدیب مامۆستا مەحموود زامدار کرایەوە کە حەوتوویەک پێش ماڵاوایی لە ژیان کرد. پاشان فیلمێکی دوکیۆمێنتاری پێشان درا کە پانۆرامایەک لە ژیان و داهێنانەکانی سالح دیلانی گرتبووە خۆ و چەندین کەسایەتی تێیدا لە بارەی سالح دیلانەوە دوا بوون.

دواتر دوو لێکۆڵینەوە پێشکەش کران. لێکۆڵینەوەی یەکەم لە ژێر ناوی «دیلان لە نێوان گۆڕینی هەلوێست و هەلوێستی گۆڕیندا» بوو کە د. دڵشاد عەلی پێشکەشی کرد. لێکۆڵینەوەی دووهەمیش کە بۆ باس لە سەر « جیهانبینیی شێعری دیلان» تەرخان کرابوو، لە لایەن د. هیمدادی حوسێنەوە پێشکێش کرا.

دوانیوەڕۆی شەممە رۆژی یەکەمی فستیڤاڵ، سێ لێکۆڵینەوەی دیکە پێشکەش کران. لێکۆڵینەوەی یەکەم کە چەند لایەنێکی زمانیی شێعری دیلانی دابووە بەر سەرنج، لە نووسینی د. مەحموود هۆگر فەرەج بوو. دواتر هونەرمەند عەزیزی شاروخ کە لە مەهابادەوە ۆ ئەم فستیڤاڵە بانگهێشت کرابوو، وێڕای کورتەباسێک لە بارەی ئاشنایەتی و تێکەڵاویی خۆی لە گەڵ دەنگ و مەقامەکانی سالح دیلانی هونەرمەند ، چەند مەقامێکی لە مەقامەکانی ئەو هونەرمەندە دەنگخۆشە بە دەنگی خۆی گوتەوە کە لە گەڵ پێشوازیی گەرمی بەشدارا بەرەوڕوو بوو.

دوو لێکۆڵینەوەی دیکەی رۆژی یەکەم کە پێشکەش کران بریتی بوون لە:

_»زمانی شێعری دیلان» لە لایەن د.سەلام فەرەجەوە

_ «تەکنیکی دووبارەکراو لە شێعری دیلاندا» لە لایەن د. عادل گەرمیانییەوە

لە رۆژی دووهەمی فستیڤاڵی سالح دیلان، شاعیر و هونەرمەندی نەتەوە و جوانیدا، گفتگۆیەکی ئەکادیمیانە لە سەر هونەری دەنگخۆشیی حەمەسالح دیلان کرا. لەم گفتگۆیە دا هونەرمەندان مەزهەری خالەقی، خالید سەرکار و نیاز نووری بەشدار بوون.

لە دوا برگەی فستیڤاڵەکەشدا هونەرمەندی دەنگخۆش عەزیز شاروخ بە بەشداریی کۆمەڵێک موسیقاژەن، گەشتێکی بە نێو مەقامەکانی حەمەسالح دیلان دا کرد و بە یادی سالح دیلان چەند مەقامێکی چڕی.

لە حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەڕێزان مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، قادر وریا و مادێح ئەحمەدی بۆ ئەم فستیڤاڵە بانگێشت کرابوون.

## پیرۆزبایی ناوەندی راگەیاندنی حدک بە بۆنەی خەڵاتکرانی ٤ چالاکی مافی مرۆڤ لە ئێراندا





بەهمەن ئەحمەدی ئەموویی — کاوە کرماشانی

لە ریزی ئەو٤٤ کەسە دا کە رێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ لە سەرجەم ٢٣ وڵاتی جیهان بە شایانی پێدانی خەڵاتی ساڵانەی خۆی(خەڵاتی هلمن همت)ی زانیون، ٤ چالاکی مافی مرۆڤ لە ئێراندا بەرچاو دەکەون کە یەکێکیان تێکۆشەری مرۆڤدۆستی کورد، بەڕێز کاوە کرماشانییە. دوو کەسی دیکە بریتین لە: بەهمەن ئەحمەدی ئەموویی و ئەمیری رەشیدی. نەفەری چوارەمیش داوای لە رێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ کردوە بە هۆی نیگەرانی لە ئاکامەکانی وەرگرتنی ئەو خەڵاتە کە لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرەورووی دەکرێتەوە، ناوەکەی ئاشکرا نەکرێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستان بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی گەرمی خۆی پێشکەشی بەرێزان کاک کاوە کرماشانی و ٣ چالاکی دیکەی بواری مافی مرۆڤ و سەرجەم تێکۆشەران وئۆگرانی ئەم بوارە دەکا. ئەم هەنگاوەی رێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ، رێز گرتنە لە تێکۆشانی بەنرخ و هەر لەو کاتە دا پرمەترسیی چالاکانی بواری مافی مرۆڤ لە ژێر سێبەر و دەسەڵاتی رێژیمی دژی ئازادی و ئینسانکوژی کۆماری ئیسلامیدا و بە سەرکەوتنێک بۆ هەوڵ و خەباتی مەدەنیی هەموو ئەو دامەزراو و ناوەند و لایەن و تاکانە دەژمێردرێ کە خۆیان بۆ داکۆکی لە مافی مرۆڤ و برەوپێدانیان لە ئێراندا، تەرخان کردوە.

هیوادارین ئەم جۆرە رێزلێگرتنانە، لە لایەکەوە هاندەری تێکۆشانی شێلگیرانە لە لایەن سەرجەم چالاکانی مافی مرۆڤ لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بن و لە لایەکی دیکەوە لەمپەرێک بن بۆ ئەوەی دەسەڵاتداران و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی نەتوانن وا بە هاسانی، تێکۆشەرانی بواری مافی مرۆڤ بخەنە بەندیخانە و بە بۆنەی هەوڵە ئینسانی و پیرۆزەکانیان، تۆڵەیان لێ بستێننەوە.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**ناوەندی راگەیاندن**
**٢٥ی خەرمانانی ١٣٩٠**
**١٦ی سێپتامبری ٢٠١١**

— — — — — —

## بەشداریی هەیئەتێکی حدک لە پرسە و سەرەخۆشیی نووسەر مەحموود زامدار دا



هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەشداری لە رێورەسمی پرسە و سەرەخۆشیی مەحموود زامداردا کرد.

دوانیوەڕۆی رۆژی هەینی، ١٨ ی خەرمانان هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، کەسایەتیی سیاسیی کورد و کەماڵ کەریمی و قادر وریا، ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزب و برایم زێوەیی، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێر بەشدارییان لە پرسە و سەرەخۆشیی مەحمود زامدار، نوسەری ناوداری کورد کرد و پەیامی ماتەمینیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان بە کۆمەڵگای رووناکبیریی کورددستان و بنەماڵە و کەسوکاری ناوبراو راگەیاند.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە مەحمود زامدار، نووسەر ناوداری کورد رۆژی پێنجشەممە، ١٧ ی خەرمانان لە تەمەنی ٦٦ ساڵیدا و لە نەخۆشخانەی کۆماری لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.

— — — — — — — — — — — — —

## چالاکی تەبلیغیی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی ١٩ ساڵەی تیرۆری میکونووس

**مەهاباد:**

رۆژی هەینی ١٨ی خەرمانان بە بۆنەی ساڵرۆژی تیرۆرکرانی د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە لایەن لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گوندی وسووکەند، سەربە شاری مەهاباد چالاکی تەبلیغی کرا.

بەپێی هەواڵی گەیشتوو لە نێو ئاوایی وسووکەند و دۆڵی کەروێشکەی مەهاباد بەو بۆنەیەوە تراکتی تەبلیغی و وێنەی شەهیدانی رێبەر لە ئاستێکی بەربڵاودا بڵاو کراوەتەوە.

**کرماشان:**

لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی د. سادق شەڕەفکەندی و هاوڕێیانی چالاکی بەرینی تەبلیغیان بەڕێوە برد.

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە «کوردستان و کوردنیوز» شەوی ٢٥ لەسەر ٢٦ی خەرمانان لە شاری کرماشان لە شارەکی مەسکەن، جەوانشیر، شەقامی سەعدی و چەند کۆڵانی شەقامی مۆنەزە بە بڵاوکراوەی حیزبی و وێنەی شەهیدی نەمر یادی ئەم رۆژەیان کردوە و ئەو کردەوەیەی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامیان بۆ جارێکی دیکە شەرمەزار کرد.

هەر لەم پێوەندییەشدا لە شاری رەوانسەر لە پارکی رەوانسەر، گەڕەکی موهاجرین و چەند کۆڵانی پشتی مزگەوتی ئیمامی غەزاڵی چالاکی تەبلیغی کرا.

**سەقز:**

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە «کوردستان و کوردنیوز» شەوی ٢٦ی خەرمانان لە شاری سەقز بە بڵاوکردنەوەی دروشم، تراکت، ئارمی حیزبی و وێنەی شەهیدی نەمر دوکتور شەڕەفکەندی یادی ئەم رۆژەیان بەرز راگرت.

ئەم شوێنانەی کە چالاکی تەبلیغییان لێ کراوە بریتین لە: گەڕەکەکانی دادگای کۆن، تەپەی شافعی، بەردبڕان، تەپی ماڵان، سەعدی، نەشمیلان، حاجی ئاوا شاناز، شەقامی سەعدی و شاناز.

**سەردەشت:**

شەوی ٢٦ی خەرمانان لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ساڵیادی شەهیدکرانی د. شەڕەفکەندی و هاوڕێیانی بە دەستی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە شاری برلین، لە شاری سەردەشت و جادەی دەشتی کەپران، سێڕێیانی بێورێ خوارێ و سەرێ، جادەی زوران - کونەمشکێ، جادەی دەشتی کەپران تا وارشەمزین و هەموو تابلۆکانی سێڕێیانی قەلەڕەشێ چالاکیی بەرینی تەبلیغیان بەڕێوەبردوە.

هەروەها هەموو کانیەکانی ئەم گوندانە بە وێنەی شەهیدان و تراکتی حیزبی رازاندرابوونەوە.

**درێژەی:**

## گرتن و سەرکوتی ناڕازییانی ئازەری و کورد دەبێ بوەستێندرێ

حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر ئەم بڕوایەیە کە ئەمجار، نەتەنیا ئەم دوو بەشەی ئێران، بەڵکوو هەموو ئێرانییەکان و نەتەوەکانی ئێران لە سەریانە بە دانانی بناغەی یەکیەتییەکی دێموکڕاتیک و سەرانسەری، لەلایەک کۆتایی بە زیاتر لە سێ دەیە تەمەنی سەرەڕۆیی دینی لە ئێران دا بێنن و لە لایەکی دیکەوە بە هاوپێوەندی و یەکیەتی بەرەو بنیاتنانی سیستەمێکی دیموکراتیک، سێکۆلار، ئازاد و فیدڕاڵ هەنگاو هەڵ بگرن. هەر لەم پێوەندییەدا پەیامی ئێمە بۆ هاونیشتمانانی تورک و هەموو ئێرانییە ئازادیخوازەکان ئەوەیە پشتیوانی لە بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکەن و بزانن کە سەرکەوتنی ئێمە لە گرەوی یەکیەتیی ئێمە دایە.

**دەفتەری سیاسیی حیزبی**
**دێموکراتی کوردستان**
**٣٠ خەرمانانی ١٣٩٠**
**٢١ی سێپتامبری ٢٠١١**

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی

# نۆزدەیەمین ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور سادق شەڕەفکەندی و هاوڕێیانییەوە






**هاونیشتمانە بەڕێزەکان! خەڵکی خەباتگێڕ و تێکۆشەری کوردستان!**

**تێکۆشەران! ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

نۆزدە ساڵ لەمەوبەر، رۆژی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ی زایینی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوکتور سادق شەڕەفکەندی لەگەڵ هاوڕێیان فەتاح عەبدولی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، هومایوون ئەردەڵان کادری لێهاتووی حیزب و نووری دێهکوردی دۆستی نزیکی حیزب، کەپاش بەشداری لە کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنالی سوسیالیست بۆ باس و بیرو ڕا گۆڕینەوە لە سەر هاوکاریی نێوان لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەگەڵ چەند کەسایەتی و چالاکی سیاسی لە ڕێستورانی میکونووس لە شاری بێرلین لە وڵاتی ئاڵمان کۆ ببوونەوە، کەوتنە بەر پەلاماری تاقمێک تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی و شەهید کران.

شەهید بوونی دوکتور شەڕەفکەندی لەو قۆناغ و ساتەوەختەدا، ئەویش پاش ئەوەی هێشتا زامی تێرۆری دوکتور قاسملوو لە جەستەی حیزبی دێموکرات دا ساڕێژ نەببۆوە، زەبرێکی قورس و خەسارێکی گەورە بوو کە لە حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێران دەکەوت.

دوکتور سادق شەڕەفکەندی پاش شەهید بوونی دوکتور قاسملوو ئەرکی رێبەری کردنی حیزبی دێموکراتی گرتە ئەستۆ و بە هاوکاری و پشتیوانیی کادری رێبەری و تێکۆشانی بێدریغ و هەست بە بەرپرسایەتیکردنی کادرەکان، پێشمەرگەکان و ئەندامانی حیزب لەو قۆناغە سەختەی خەبات دا تەواوی توانا و وزەی خۆی بۆ توندوتۆڵ کردنی ریزەکانی حیزب و خۆ ئامادە کردن بۆ دەورێکی دیکە لە خەبات دژی رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی بە کارهێنا. دوکتور شەڕەفکەندی بە کردەوە لەو مەیدانە دا سەلماندی کە کەسێکی لێهاتوو و لێوەشاوەیە بۆ رێبەریکردنی حیزب. شان بە شانی رێبەریکردنی خەباتی حیزبی دێموکرات دژی رێژیمی کۆماری ئیسلامی، هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی ناکۆکیی نێوان هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و بەهێزکردنی پێوەندی لەگەڵ رێکخراو و کەسایەتییە خەباتگێڕەکانی کردبوو بە ئەرکی خۆی و رێبەریی حیزبی دێموکرات.

هەوڵەکانی دوکتور سادق شەڕەفکەندی لە هەموو ئاستەکان دا بوو بە جێگای هیوا و ئومێدی خەڵک و دۆستانی حیزب و مایەی نیگەرانیی رێژیم، هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی بۆ زەبر وەشاندن لە حیزبی دێموکرات جارێکی دیکە لە بەرزترین ئاست دا پیلانی تیروری سکرتێری گشتیی حیزبی ئێمەی دارشت و لە رێگای سەفارەتخانە و دامەزراوەکانی دیکەی خۆی لە وڵاتی ئاڵمان و بەهۆی چەند مرۆڤکوژێکی ئێرانی و لوبنانی پرۆسەی تیرۆری دوکتور سادق و هاوڕێیانی بەڕێوە برد. بەڵام پاش ئەو رووداوە تاڵە لە ئاکامی شێلگیری و بە دواداچوونی وردی پۆلیسی ئاڵمان و سەربەخۆیی دادگای فیدراڵی ئەو وڵاتەدا سەرئەنجام پاش زیاتر لە سێ ساڵ و نیو لێکۆڵینەوە و موحاکەمەی بەشێک لە تاوانبارەکان لە ١٠ی ئاوریلی ساڵی ١٩٩٧ی زایینی دا دادگای میکونووس بە بڕیارێکی ئازایانە و دادپەروەرانە رێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە بەرزترین پلەی دەسەڵاتدا وەک عامیلانی دەرکردنی فەرمانی تیرۆری رێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە بیرو رای گشتیی جیهان ناساند و حوکمی جەلبی بەشێک لەوانی دەرکرد و حوکمی زیندانیشی بۆچەند کەسێک لە تاوانبارەکان دیاری کرد.

ئێستا پاش تێپەڕینی نۆزدە ساڵ بەسەر کارەساتی میکونووس دا، ئاڵوگۆڕی بەرچاو لە ئاستی نێودەوڵەتی و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێران و کوردستان دا هاتۆتە ئاراوە. ئەگەر لەو سەردەم دا وڵاتانی بەرژەوەندیخوازی جیهان لە ئاست زوڵم و زۆر و سەرەڕۆیی دیکتاتۆران و تیرۆر و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە زۆر وڵاتی دنیادا چاوی خۆیان دەنوقاند و بێدەنگ دەبوون، ئێستا رەوتی رووداوەکان وای کردوە کە ویژدانی مرۆڤایەتی لە ئاستی ئەو پێشێلکردنانە دا بێدەنگ نەبێ و هەلوێست بگرێ. هەربۆیە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لە ئاستێکی بەرزی خاوەن بڕیاری وەک ئەنجومەنی ئاسایش دا لە وڵاتێکی وەک لیبی لەسەر بناخەی ئەسڵی «بەرپرسایەتیی پارێزگاری» بڕیاری جێگرکردنی چەتری پارێزگاری بۆ دیفاع لە خەڵکی ناڕازی کە دەکەونە بەر شاڵاوی سەرکوتی دڕندانەی دیکتاتۆری وڵاتەکەیان، جێبەجێ دەکەن. دیارە بڕیاری لەم چەشنە بە شێوەی جۆراوجۆر و لەژێر ناوی جیاواز لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا بۆپارێزگاری لەگیانی ئینسانەکان لەچەند وڵاتێکی دیکە بەڕێوە چووە و هەتا دێ پتر جێ دەکەوێ؟

کەڵکوەرگرتنی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە ئەسڵ و بڕیاری ئاماژەپێکراو، هەڵگری دوو پەیامی گرینگە: یەکەم، دیکتاتۆرەکان و سەرەڕۆیەکان چیدیکە ناتوانن بە هاسانی و بێ شەرمانە خەڵکی خۆیان سەرکوت بکەن. دووهەم، خەڵکی راپەڕیوو خوازیاری ماف و ئازادییەکان لە روو بە روو بوونەوە لەگەڵ دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی دا بێ پەناو پشتیوان نین و ئەم هەڵوێستە نێونەتەوەییە بەپشتیوانێکی مەعنەویی گەورە بۆ خەباتی خۆیان دەزانن.

**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان! ڕێکخراوو لایەن و کەسایەتییە ئازادیخوازەکانی کوردستان و ئێران!**

لەیەک ساڵی رابردوودا جیهان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی کۆمەڵێک وڵاتی عەرەبی شاهیدی راپەڕین و شۆڕش لە دژی دەسەڵاتدارانی وڵاتەکانیان بوون. سەربەخۆیی باشووری سوودان لە ئەفریقا لە دوای ریفراندومێکی گشتی لە مێژووی گەلانی بندەست دا کە لەپێناوی سەربەخۆیی و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان دا خەبات دەکەن، روداوێکی گرنگ بوو. راپەڕینی جەماوەری لە دژی دیکتاتۆری لە وڵاتانی میسر و تونسدا سەرکەوتوە و هەر ئێستا حاکمییەتی ٤٢ ساڵەی قەززافی، دیکتاتۆری لیبی کۆتایی پێهاتوە. خەباتی ئازادیخوازانە لە سووریە و یەمەن و چەندین وڵاتی دیکە روو لە گەشە و بەرەوپێشچوونە و گەیشتوونە قۆناغی ئاستەم و لەگەڵ پشتیوانی و پشتگیریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرەوروو بوون.

رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش پاش تێپەڕینی زیاتر لە ٣٢ ساڵ دەسەڵاتدارەتییەکەی، رووبەرووی زۆر کێشە و گرفتی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆتەوە. خەڵک بە تەواوی لێی نارازین و لە هەلێک دەگەڕێن بۆ کۆتایی هێنان بە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی ئەو رێژیمە. خۆپیشاندانەکان و نارەزایەتیدەربرینەکانی دوای دەیەمین هەڵبژاردنی سەرکۆماری، نیشانی دا کە ئەم رێژیمە لەگەڵ گڕکانێک لە نارەزایەتیی خەڵکی ئێران بەرەورووییە و ئەم گڕکانە ئەگەرچی بە شێوەیەکی کاتی سەرکوت و خامۆش کراوە بەڵام لە هەر دەرفەتێکی داهاتوودا، هەڵ دەداتەوە. بێزراوی و بێ‌پێگەیی رێژیم لە نێو خەڵکی وڵات لە کاتێکدایە کە کێشە و ناکۆکیی نێوان قۆڵەکانی دەسەڵات لەوپەری خۆی دایە.

رێژیم سەرەڕای ئەم وەزعییەتە نالەبارەی کە لە ئاستی نێوخۆدا رووبەرووی بۆتەوە، لە ئاستی دەرەکی دا هەروا هەڕەشەیەکە بۆ سەر ئاشتی و هێمنیی ناوچە. بە ئاشکرا دەست لە کاروباری وڵاتانی دراوسێ وەردەدا، سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستان پێشێل دەکا، تاقم و گرووپە توندڕەو و تیرۆریستییەکان پڕ چەک دەکا و بە شێوەیەکی خێرا و دوور لە چاوەدێرانی نێو دەوڵەتی و بە مەبەستی وەدەست هێنانی چەکی ئەتۆمی خەریکی هەرچی زیاتر بەرهەمهێنانی ئۆرانیۆمە. بۆیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە جاران زیاتر بە گومانەوە دەروانێتە بەرنامە و پرۆژە ئەتۆمییەکان و کار و بەرنامە تیرۆریستییەکانی رێژیم و هەر لەو پێوەندییەدا گەمارۆی ئابووری و بلۆکە کردنی حیسابی بانکیی دامودەزگا و کۆمپانیا و بەرپرسە پێوەندیدارەکانی رێژیم لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، تا دێ زیاتر دەبێ.

هەڵسەنگاندنی واقیعبینانەی وەزعییەتی ئێستای ئێران لە هەموو بوارەکان دا، دەمانگەیەنێتە ئەو ئاکامە کە کۆماری ئیسلامی رووبەرووی بوحرانێکی قووڵ بۆتەوە و بە یەکێک لە ئاستەمترین قۆناغەکانی دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا تێپەڕ دەبێ. هەرچی شەپۆلی دیموکراسیخوازی و گۆڕکردنی دیکتاتۆری لە ناوچەدا پەرە دەستێنێ ، بناغەکانی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی لە ئێراندا زیاتر درز دەبا. بۆیە پێویستە خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە وشیارییەکی زیاتر و بە ئامادەییەکی تەواوەوە خۆیان بۆ رووبەروو بوونەوە لەگەڵ پێشهاتەکان ئامادە بکەن. یەکگرتوویی و یەکڕیزیی تەواوی چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان و هاوهەنگاوی و هاوهەڵوێستی و یەکبوونی گوتاری هێز و لایەنە کوردەکان و رێککەوتن لە سەر پلاتفۆرمێکی هاوکاری و دۆزینەوەی مکانیزمی هاوکاری لەگەڵ هێزە سەرانسەرییەکانی ئێرانی مەرجی سەرکەوتن و دەستەبەر کردنی ماف و داخوازە رەواکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە داهاتووی ئێران دایە.

دانانی بەردی بناخەی ئالترناتیڤێکی دڵخواز، واتە دامەزراندنی حکوومەتێکی دیموکراتیک پاش رووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە گرەوی مشوورخواردنی ئەمرۆی هێز و لایەنە کورد و ئێرانییەکان دایە.

> هەرچی شه پۆلی دیموکراسیخوازی و گۆڕکردنی دیکتاتۆری لە ناوچەدا پەرە دەستێنێ ، بناغەکانی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی لە ئێراندا زیاتر درز دەبا. بۆیە پێویستە خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە وشیارییەکی زیاتر و بە ئامادەییەکی تەواوەوە خۆیان بۆ رووبەروو بوونەوە لەگەڵ پێشهاتەکان ئامادە بکەن

**ئۆگرانی رێگا و ئامانجەکانی دکتور شەڕەفکەندی و هاوڕێیانی!**

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ١٩ ساڵەی شەهیدکرانی ریبەری شەهید دکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بە نرخ فەتاح عەبدولی، هومایوون ئەردەلان و نووری دێهکوردی دا، جارێکی دیکە وەفاداریی خۆی بە ئامانجەکانیان دووپات دەکاتەوە و گیانی پاکیان دڵنیا دەکاتەوە کە خەباتی حیزبی دیموکرات و گەلی کورد تا گەیشتن بە ئازادی و دیموکراسی و مافە نەتەوەیی‌یەکانیان دژی رێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی بەردەوام دەبێ.

- سەرکەوێ خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان
- بژی هاوخەباتیی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران بۆ کۆتایی هێنان بە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی.
- بەرز و بەرێز بێ یادی دکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٣٩٠/٦/٢٦**
**٢٠١١/٩/١٧**

# دیسان ڕەزبەر و ساڵێکی دیکەی خوێندن

مەسعوود ڕەواندوست

دیسان ڕەزبەرێکیتر و دەسپێکێکی دیکە بۆ خوێندن و کرانەوەی خوێندنگاکان و ساڵی نوێی خوێندن. بڕیاروایە ڕۆژی ٣ی ڕەزبەری ئەمساڵ یەکەم ڕۆژی کرانەوەی قوتابخانە و زانکۆکان بێ. بەڵام ئەمساڵ وەرزی بەهاری خوێندن و پشکوتنی خونچەکانی زانست، بۆ نەوەی داهاتووی وڵاتەکەمان وێدەچێ لەژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئاخوندی و لە سایەی بڕیار و شێوازە دواکەوتوانە و سەدەنێوەڕاستییەکانی دەسەڵاتدارانی ئەم ڕێژیمە، لە سەرەتاوە بە تۆفان و ڕەشەبا دەست پێبکا و ڕێبوارانی ڕێگای زانست و هیواکانی دواڕۆژی وڵات لەگەڵ ساڵێکی دژوارتر لە ساڵان بەرەوڕوو ببنەوە.

لە کاتێکدا کە لە سەرەتای خوێندندا خوێندکاران و قوتابیان دەبێ بە هیوا و هومێد و ورەیەکی بەرزەوە بچنەوە خوێندنگاکان و بە فکرێکی ئاسوودە و بێ گرفت و بە هومێد بە داهاتوو دەست بە خوێندن بکەن، سیاسەتە چەوت و هەڵەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە هەموو بوارەکاندا و بە تایبەت لە بواری پەروەدە و فێرکردندا ئەمنییەتی ڕەوانی و فکریی خەڵکی ئێران و یەک لەوان خوێندکاران و قوتابیان تێک دەدا و گوڵی هیوا و وورەی خوێندن لە دەروونی ڕۆڵەکانی ئەم وڵاتەدا دەژاکێنێ.

لە لایەک بوونی هەزاران دەرچووی زانکۆکان کە بێکار و بێ داهاتن و لە لایەکی دیکەوە بوونی هەزاران قوتابی لە پشت دەرگای زانکۆکان کە ناتوانن لە بەربەستێک بە ناوی کۆنکوور، کە بەرهەمی کەمیی شوێن و ئیمکاناتی خوێندنە، تێپەڕبن، ئەنگیزە و وورەی خوێندنی قوتابیان دادەبەزێنێ و هەنگاوەکانی خوێندکار و قوتابیان شل دەکاتەوە. لە وەها دۆخێکدا دەوڵەت لە جێگەی دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک بۆ ئەم گرفتە، خەریکی داڕشتنی گەڵاڵە و پلانی دواکەوتوانەی وەک جیاکردنەوەی ڕەگەزیی خوێندنگاکان و ئیسلامیتر کردنی نێوەرۆکی کتێبە دەرسییەکان و سڕینەوەی ئاسەوارەکانی ڕۆژئاوا لە سەرچاوە دەرسییەکانی قوتابخانە و زانکۆکانە.

ئەمساڵ لە حاڵێکدا ساڵی نوێی خوێندن دەست پێدەکا کە ڕێژیم لە چەند مانگ لەوەپێشەوە لەسەر گەڵاڵەی جیاکردنەوەی ڕەگەزیی کلاسەکانی دەرس و شوێنەکانی خوێندن مانۆڕ دەدا و بە شلە و توندە پێکردن بە ڕەوتی بەڕێوەبردنی ئەم گەڵاڵە دواکەوتوانەیە هەوڵی داوە ڕای گشتی بۆ وەرگرتن و قەبووڵ کردنی ئەم گەڵاڵە ئامادە بکا و سەرەڕای بۆچوون و فەرمانە جیاواز و دژبەیەکانی کاربەدەستە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم لەم بارەدا دەرکەوتوە ئەم گەڵاڵە لە سەرەتای ئەمساڵی خوێندنەوە بەڕێوەدەچێ و بڕیار وایە تەنانەت لە ئاستی سەرەتایی و ئامادەییشدا منداڵانی کچ و کوڕ لێک جیا بکەنەوە و بە وتەی خۆیان فەزاکانی خوێندن بە تەواوی ئیسلامی بکەن.

لێرەدا ناچینە سەر باس کردن و شی کردنەوەی زیاتری ڕادەی دواکەوتوویی و کۆنەپەرستانە بوونی ئەم گەڵاڵەیە و ئەو بیرۆکەیەی لەپشت ئەم گەڵاڵەوەیە، هەروەها ئاسەوارە نالەبارە کۆمەڵایەتییەکانی لە کۆمەڵگا و لە خوێندنگاکاندا. تەنیا ئەوە نەبێ کە بێ گومان هەر مرۆڤێکی وشیار و تێگەیشتوو پێکەنینی دێ بەو عەقڵەی لەپشت ئەم گەڵاڵە دواکەوتووانە و ئەم سیاسەتە چەوتانەوەیە.

هەر لە ساڵی نوێی خوێندندا خەونێکی دیکەی بەرەی جەهل و نەزانی بۆ چەک داماڵین لە سپای زانست و خوێندن لە




وڵاتەکەماندا کە بە نیازن ئەگەر بۆیان بلوێ تەعبیری بکەن، بەرنامەی لابردنی بەشێکی زۆر لە نێوەرۆکی کتێبەکانی زانستە مرۆییەکانە کە سەرچاوەکەیان زانایان و بیرمەندانی ڕۆژئاوایین و، پارێزەرانی کۆنەپەرستی دەیانهەوێ بە لابردنیان لە کتێبە دەرسییەکان، سەرچاوەکانی خوێندن ئیسلامیتر بکەن! و لە ڕاستیدا هەوڵێکە بۆ بێ نێوەرۆکتر کردنی کتێب و سەرچاوەکانی زانستە مرۆییەکان بۆ ئەوەی ڕێگە نەدەن قوتابیان و خوێندکاران چاو و گوێیان بکرێتەوە و لەگەڵ زانستی ڕۆژ ئاشنا بن و بازنەی زانست و تێگەیشتنیان ئەوەندە فراوان بێتەوە کە ببنە مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتی حکوومەتی جەهل و خوڕافەپەرستی.

تێرامان لە پڕۆژە و گەڵاڵەکانی ئەم ڕێژیمە بۆ خوێندن و پەروەردەی وڵات، لە حاڵێکدا کە هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵکی ئەم وڵاتە لە ئاکامی سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمەدا تووشی نەهامەتی و گرفت بۆتەوە، ڕادەی بەرپرسیارێتی و لێهاتوویی ئەم ڕێژیمە و کاربەدەستەکانی لە بەرامبەر چارەنووسی خەڵک و وڵاتدا دەردەخا. لە کاتێکدا کە هەژاری و نەداری ژیانی زۆربەی خەڵکی وڵاتی گرتۆتەوە و زۆرن ئەو بنەماڵانەی لە دەسپێکی ساڵی نوێدا بۆ دابین کردنی کەلوپەلی خوێندن بۆ جگەرگۆشەکانیان تووشی زۆر گرفت و کێشە هاتوون، ڕێژیم بەوپەڕی نالێهاتووییەوە وەک ئەوەی تەنیا گرفت لەم بوارەدا ئیسلامی نەبوونی شوێنەکانی خوێندن بێ، هەموو گرفتە سەرەکییەکانی وەک نزم بوونی ئاستی پەروەردە و نەبوونی شوێن و ئیمکانات و مامۆستای پێویست بۆ قوتابخانە و زانکۆکانی لەبیرکردوە و بە تێچوویەکی زۆرەوە خەریکی بەڕێوەبردنی پڕۆژە و گەڵاڵەی هەڵە و دواکەوتووانەی وەک جیاکردنەوەی ڕەگەزیی کلاسەکانی دەرسە.

بە وردبوونەوە لەم دۆخە، دەردەکەوێ کە دوورەدیمەنی بەرەکانی شەڕ و ململانێی نێوان زانست و کۆنەپەرستی لە ساڵی نوێی خوێندندا تەمومژاویتر و ئەرکی خوێندکارانی وشیار و مەیدانداڕانی بەرەی زانست و تێگەیشتن تەنانەت لە ساڵانی پێشووش قورستره و پێویستیی بە خۆڕاگری و وشیاریی زیاتری خوێندکاران و قوتابیانی وڵاتەکەمان هەیە.

---

دڕێژەی هەواڵ و ڕاپۆرت:

## بەڕیوەچوونی مەڕاسمی ساڵیادی شەهیدانی میکۆنووس لە فەڕانسە

بە بۆنەی ١٩مین ساڵیادی تێرور کردنی دوکتوور سادق شەرەفکندی و هاوڕیانی لە برلین، ڕۆژی یەکشەممە ١٨ی سپتامبر، کومیتە



حێزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی فەرانسە سەردانی گۆری شەهیدانی ڕووداوی میکونوسی کرد و بە دانانی چەپکە گوڵێک لە سەر گوری ئەو شەهیدانە جارێکی تر پەیمانیانان نوێ کردەوە کە تا وەدێ هێنانی ئامانج و ئاواتی ڕێبەرانی شەهیدی حیزب و گەلەکەیان دەست لە خەبات و تێکوشان بەرنادەن.

پێویستە بگوترێ کە لەو سەردانە دا بەرێز د. حەسەن شەتەوی دۆست و هاوڕێی حیزب لە وڵاتی ئاڵمانەوە لە گەڵ کومیتەی حیزب لە فەڕانسە سەردانی گوری ڕێبەرانی شەهید دوکتور قاسملوو ، د. سادق شەرفەکەندی و هاورێانیان کرد و بە دانانی چەپکە گوڵیک ڕیزیان لەو نەمرانە گرت.

## بەشداریی کومیتەی حیزب لە جەژنی ئومانیتە لە وڵاتی فەڕانسە

کومیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وڵاتی فەرانسە لە ڕۆژانی ١٦و ١٧ سپتامبر بەشداری لە جەژنی ئومانیتە کرد، کە لە لایەن حیزبی کومونیستی فەڕانسەوە هەر ساڵە بەڕێوە دەچێ، لەو دوو ڕوژەدا کومیتە




حیزب لە فەرانسە سەردانی حیزب و سازمانە ئێرانی و کوردستانیەکانیی کە وا بەشداریان لەو جێژنە کردبوو، کرد و لە سەر دۆستایەتی و پێوەندی زیاتر نیوان حیزب و ئەحزابی ئیرانی و کوردستانی بیرو ڕایان گوڕیەوە، پیویستە بگوترێ کە کومیتەی حێزب لەو سەردانەدا پێک هاتبوون لە بەڕێزان ئارەش زەمانی، ئەمجەد زەمانی و محەممەد حەسەنزادە.

## بە بەشداریی سەرجەم حزبە سیاسیەکان کۆنفرانسی کوردستان لە تورکیا پێک هات

بە بەشداریی نوێنەرانی سەرجەم ڕێکخراو و پێکهاتە سیاسیەکانی باکووری کوردستان، "کۆنفرانسی کوردستان" لە شاری دیاربەکر دەستی بە کارەکانی کرد.

ئەو کۆنفڕانسە کە لە لایەن حزبەکانی پارتی ئاشتی و دیموکراسی (بەدەپە)، کۆنگرەی کۆمەڵگای دیموکراتیک (دەتەکە)، پارتی ماف و ئازادی (هاکپار) و پارتی بەشداری دیموکراتیک (کادەپ) ئامادەکاری بۆ کرابوو، ڕۆژی شەممە (١٧،٠٩،٢٠١١) دەستی پێکرد و دوو ڕۆژ بەردەوام بوو.

١٧٣ نووسەر، سیاسەتمەدار، ئاکادیمیسیەن، دەزگا و پارت و لایەنی سیاسی بەشداری ئەو کۆنفرانسە بوون و تەوەری سەرەکیی گفتوگۆکان بریتیی بوون لە یەکریزی ناو ماڵی کورد و خۆئامادەکردن بۆ کۆنفرانسی نەتەوەیی کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان کە بڕیارە لە مانگی داهاتوو لە باشووری کوردستان ساز بکرێ.

وتاری دەست پێکردنی کۆنفرانس لە لایەن نوێنەری شاری ماردین و سەرۆکی گشتی کۆنگرەی کۆمەڵگای دیموکراتیک، ئەحمەد تورک بە زمانی کوردی خوێندرایەوە. ئەحمەد تورک لە قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە پێویستە هەموو کەس لێرە ڕاشکاوانە بۆچوونەکانی دەرببڕێ.

ئەحمەد تورک گوتی "سیاسەتی کوردی کەم و کوڕی و ناتەواوی زۆری هەیە و پێویستە ئەم کەموکوڕییانە تێپەڕێنین. دەوڵەتە زلهێزەکان دەیانەوێ دەنگی کورد لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاست پشتگوێ بخەن، ئەگەر ئێمە لە ناوخۆماندا یەک بگرین، ئەوان لەو ئامانجەیاندا سەرناکەون. لە پێناو ئەمەش سیاسەتی کوردی دەبێ شەفاف و واقعبین بێ."

ئەحمەد تورک گوتیشی "لە پێناو یەکیەتی، دروست بوونی کۆنفرانسێک بە بەشداری کوردەکانی هەر چوار پارچە و هەروەها بۆ ئەوەی پارچەکانی کوردستان نەکەونە ژێر گوشارەوە، پێویستە شێلگیرانە تێبکۆشین. نابێ کەس لەم قۆناغەدا بڵێ "من"، ئەگەر یەک نەگرین، کێشەکانیشمان چارەسەر نابێ."

لە درێژەی بەرنامەکانی کۆنفرانسی کوردستاندا، سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر و ئەندامی بەدەپە، عوسمان بایدەمیر قسەی کرد. بایدەمیر سەرنجی بۆ سەر ئەوە ڕاکێشا کە ئەم کۆنفرانسە خاڵێکی وەرچەرخانە لە مێژووی کورد دا.

هەروەها سەرۆکی گشتی هاکپار، بایرام بۆزیال، لە کۆنفرانسی کوردستان دا وتارێکی پێشکەش بە ئامادەبوان کرد و تەئکیدی لە سەر ئەوە کردەوە کە خەباتی چەکداری بواری خەباتی سیاسی بەربەست کردوە. بۆزیاڵ گوتی "بەگوێرەی لێکدانەوەکانی حزبەکەمان، خەباتی چەکداری لە قۆناغی ئێستادا، چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لاواز دەکا و پەکەکە پێویستە جەسارەتێکی مێژوویی لە خۆی نیشان بدات و واز لە چەک بێنێ."

شایانی باسە لە دانیشتینەکانی ئەو کۆنفڕانسەدا چەندین کەسایەتیی دیکە و هەروەها سەرۆکی گشتی پارتی سۆسیالیزم و ئازادی (OSP) و سەرۆکی تەڤگەری دیموکراتیکی شۆڕشگێڕی کوردان وتاریان خوێندەوە و کۆنفرانسەکە بە پەیام و برووسکەی دامودەزگا مەدەنیەکان کۆتایی هات.

# دوکتور شەرەفکەندیی رێبەر، وەک نووسەرێک

قادر وریا

**پێشەکی:**

کەسایەتیی دوکتور شەرەفکەندی وەکوو سیاسییەک و رۆڵی ئەو کەسایەتییە لە بەڕێوەبەری و رێبەریکردنی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، لە لایەن تێکۆشەرانی ئەم حیزبە و دۆستانی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد، زۆر جار کەوتۆتە بەر باس. لە ١٩ ساڵەی شەهیدکرانی ئەو رێبەرە دا، وێڕای رێزدانان بۆ گیانی پاکی ئەو و قوربانیانی دیکەی رووداوی تیرۆریستیی ١٧ی سێپتامبری میکونووس (شەهیدان فەتاح عەبدولی، هومایوون ئەردەلان و نووری دێهکوردی)، پێم خۆشە بوارێکی دیکە لە خزمەتەکانی دوکتور شەرەفکەندی بە حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و بیری سیاسی لە کوردستان و ئێران بخەمە بەر سەرنج. بواری نووسین یەکێکە لەو بوارانە کە دوکتور شەرەفکەندی لە ماوەی تێکۆشانی لە حیزبی دێموکرات دا، توانای خۆی تێدا بە کار هێنان و لەم رێگایەوە تەئسیری زۆری دانا.

**دوکتور شەرەفکەندی، پێشینە وسەرەتاکانی کاری نووسین**

هیچ بەڵگەیەک بە دەستەوە نییە کە نیشان بدا دوکتور سادق شەرەفکەندی پێش ئەوەی بێتە نێو کاری حیزبی و سیاسی، کاری نووسینی کردبێ. نە بە زمانی کوردی و نە بە زمانی فارسی، لە هیچ بوارێکی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی و هتد دا، بەر لە شۆڕشی ئێران نووسینێک بەدی ناکەین کە بە قەڵەمی د. شەرەفکەندی بڵاو بووبێتەوە. دیارە د. شەرەفکەندی چەند ساڵێک بەر لە شۆڕشی ئێران هاتبووە نێو ریزەکانی حیزب و کاری سیاسیی دەست پێ کردبوو، بەڵام لە راستیدا دوای سەرکەوتنی شۆڕش، دەست بۆ قەڵەم دەبا، ئەویش دوای کۆنگرەی چوارەم و پاش ئەوەی ناچار بوو تاران بە جێ بێڵێ و روو بکاتە چیاکانی کوردستان و لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب گیرسایەوە. لەوانەیە ئەو کاتەی لە تاران لە چوارچێوەی «جمعیت کردهای مقیم تاران» دا کاری کردوە، راگەیەندراو و بەیاننامە و پەیامی ئەو کۆمەڵەیەی نووسیبێ، من لێی ئاگادار نیم. بەڵام یەکەم هەوڵی لە بواری نووسین دا، ئامادە کردنی «تاریخچە جنبشهای ملی کرد» (کورتە مێژووی جووڵانەوەکانی کورد ، لە سەدەی نۆزدەیەمەوە تا کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی) بوو. ئەم کارەی د. شەرەفکەندی دەچێتە خانەی تەئلیف (دانان)ەوە. کورتە مێژووی جووڵانەوەکانی گەلی کورد لە ساڵانی ١٣٥٩ تا ١٣٦١ وەکوو زنجیرەوتار لە رۆژنامەی «کوردستان» ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزب دا، بە دوو زمانی کوردی و فارسی بڵاو دەبوونەوە. مەبەستی دوکتور شەرەفکەندی لەم کارە بەرەوژوور بردنی ئاگایی مێژوویی کادرەکان، پێشمەرگەکان، ئەندامانی حیزبی دیموکرات و ئەو نەسلە بوو کە رووی کردبووە بزووتنەوەی میللی - دیموکراتیکی کوردستان. ئامادە کردنی ئەو کتێبە لە بنکەی د. س لە چیاکانی کوردستان و لە شوێنێک بووە کە سەرچاوەی زۆر کەمی لێ بووە.

لە راستی دا ئەم زنجیرە وتارە مێژوویی بە کەڵک وەرگرتن لەم کتێبانە نووسراوە:

١. «کوردستان وکوردەکان» بە سەرپەرستیی ژێرار شالیان، نووسەرانی کتێبەکە بریتین لە: دوکتور قاسملوو، کەندال نزان، عیسمەت شەریف و م. نازدار (چاپی ١٩٧٨، پاریس)

٢. کتێبی «بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد» لە نووسینی کریس کوچێرا (چاپی پاریس، ١٩٧٩)

کتێبی «شەر لە سەر کوردستان» لە نووسینی مێژوونووسی رووس خەلفین

٤. کتێبی «کردها» لە نووسین «حەسەن ئەرفەع»

ئەم زنجیرە وتارە کە دواتر وەکوو کتێبێک هەر لە لایەن کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبەوە بە زمانی فارسی بڵاو کرایەوە، دەچێتە خانەی «تەئلیف» (دانان). چونکە شوێنی وا هەیە بۆ وێنە بەشی یەکەمی کتێبەکە ( کە نزیک بە ٥٠ لاپەڕەیە) کورتکردنەوە و وەرگێڕانە. بەڵام ئەوە لەگرینگیی کارەکە وەک پرۆژەیەکی نووسینی مێژوویی کەم ناکاتەوە.چونکە:

١- مێژوویەکی چڕی ١٥٠ ساڵەی بزووتنەوەکانی کورد دەگرێتە خۆی. ئەمە کارهاسانییەکی زۆر بوو بۆ کەسانێک کە تینووی زانینی مێژووی ئەو ١٥٠ ساڵە بوون، بەڵام لە هەلومەرجی ئەو کات دا دەستیان بەو هەمووە سەرچاوانە را نەدەگەیشت.

٢- لەگەڵ ئەوەی هەر ئەلقەیەکی نووسینەکە، بە پێی جێگا و پێویستیی ژمارەیەکی رۆژنامە ئامادە دەکرا و ئەمە کۆمەڵێک «محدودیت»ی بۆ د.شەرەفکەندی دروست دەکرد(بۆ وێنە جاری وا هەبووە ناچار بووە کە کورتی ببڕێتەوە، یا درێژی بکاتەوە بۆ ئەوەی پڕ بەو جێگایە بێ کە بۆی تەرخان کردوە) بەو حاڵەش پێوەندیی رووداوەکان و ریزکردنی بەشەکان و سەردێڕەکان، بە جۆرێک هاتوون کە خوینەر کورتەیەکی رێکوپێک و هەر لەو کاتەدا دەوڵەمەندی لە مێژووی بزووتنەوەکانی نەتەوەکەی دێتە مێشک.

٣- ئەم مێژووە لە روانگەیەکی رەخنەگرانە و لە دیدی کوردێکی خولیای رزگاری، ئاوڕی لێ دراوەتەوە. هەڵەکانی رێبەران و سەرکردەی راپەڕینەکان، لاوازییەکانیان و زۆر خاڵی ورد باس دەکا، جا ئەم هەڵانە چ پێوەندییان بە نیوخۆی راپەڕینەکان و نێوخۆی نەتەوەی کوردەوە هەبێ، چ پێوەندییان بە نەتەوە وپەیرەوانی ئایینەکانی دەوروبەرەوە بووبێ.

دیارە کتێبی «تاریخچە جنبشهای ملی کرد» لە نووسینی د. شەرەفکەندی (سەعید بەدەل) دواتر لە لایەن هاوڕێی نەمر کاک تەها عەتیقی کرا بە کوردی و لە دەرەوەی ولات چاپ و بڵاو کرایەوە.

**هەوڵەکانی دیکەی د. شەرەفکەندی لە بواری نووسیندا:**

د. شەرەفکەندی هەر کە سەنگەری خەبات و تێکۆشانی لە زانکۆی تاران و کۆمەڵەی کوردەکانی دانیشتووی تارانەوە بۆ «شیوەجۆ» (بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب لە ناوچەی رەبەت) گواستەوە و پێویستیی حیزب و جووڵانەوە، ناچار بە ئامادە کردنی «کورتە مێژووی جووڵانەوەکانی کورد»ی کرد، بە کردەوە کەوتە نێو بواری نووسین. ئەو کە لە کۆنگرەی چوارەم دا بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی و لە دوای جیابوونەوەی تاقمی ٧ کەسی بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردرا، دەبوایە بەشدارییەکی چالاکانەی لە بەڕێوەبردنی کاری سیاسی و فکریی حیزب دا هەبێ. رادیۆی دەنگی کوردستان و رۆژنامەی «کوردستان» دوو تریبوونی حیزب و جووڵانەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان بوون، بە تایبەتی رادیۆ لەو سەردەمدا تەئسیر، گرینگی و خۆشەویستییەکی لە گوتن نەهاتووی هەبوو. کەسێکی وەک د. شەرەفکەندی هەم بە هۆی مەسئولییەت و مەوقیعییەتی حیزبی، هەم بە هۆی توانا و ئیمکانی فیکری و زانستی چاوەڕوانیی ئەوەی لێ دەکرا کە لەم دوو دەزگایە و لە بواری نووسین دا، قۆڵی لێ هەڵ بماڵێ. لە ساڵی ١٣٥٩دا تا ساڵی ١٣٧١ (١٩٨٠ تا ١٩٩٢) لە ماوەی ئەو دوازدە ساڵەدا بەشی زۆری بەرپرسایەتیی د. شەرەفکەندی لە راگەیاندنی حیزب بوو. حیزبی دیموکراتی کوردستان جاری وابوو دوو کۆمیسیۆنی بۆ کاروباری راگەیاندن هەبوو(کۆمیسیونی رادیۆ و کۆمیسیونی جاپەمەنی)، جاری واش بوو هەر دوو کۆمیسیۆن تێکەڵی یەک دەکران و بە ناوی کۆمیسیۆنی رادیۆ و چاپەمەنی (رادیو و انتشارات) کاریان دەکرد. دوکتور شەرەفکەندی لە زۆربەی ئەم ١٢ ساڵەدا یا بەرپرسی یەکێک لەم دوو کۆمیسیۆنە بوو، یا ئەگەر لە کۆمیسیۆنێکی دیکەش کاری کردبا (بۆ وێنە سەردەمێک بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزب بوو)، کاری نووسینی هەر دەکرد .جا بەشداری لە نووسینی بەیاننامە و راگەیەندراوەکانی حیزب دا بوایە، یا نووسینی وتار بۆ رادیۆ و رۆژنامە.



**وتار، فۆرمی هەرە باو لە نووسینەکانی د. شەرەفکەندی دا**

وتار، فۆرمێکە لە نووسین لە نێو فۆرمەکانی دیکەدا، کە نووسەران زیاتر رووی تێ دەکەن. هۆیەکەشی ئەمەیە کە زەرفێکە بۆ بابەتی مام ناوەندی و کورت. وتار لە باری نیوەرۆکەوە لە سەر یەک بابەت (موضوع) دەڕوا و دوور و درێژ نییە. بۆ ئەو راگەیەنانەش کە ئەو کات ئێمە وەک حیزبێکی سیاسی و شۆڕشگێری لە حاڵی خەباتی چەکداری دا هەمانبوو، زیاتر، وتار (مقالە) دەگونجا. زۆربەی هەرە زۆری نووسینەکانی دوکتور شەرەفکەندی لەم ماوەیەدا لە باری فۆرمەوە وتار بوون کە ژمارەیان بە پێی حیسابێکی سەر پێیی دەبێ لە دەوروبەری ٥٠٠ بووبێ. چونکە رادیۆ، هەموو رۆژان (رۆژانی هەینی نەبێ) وتار و لێکدانەوەی سیاسیی بڵاو دەکردەوە، دوکتور شەرەفکەندیش کەم حەوتوو هەبوو یەک یا چەند وتار بۆ رادیۆ نەنووسێ.

**نێوەرۆکی وتارەکانی د. شەرەفکەندی**

دەتوانم بڵێم نێوەرۆکی وتارەکانی د. شەرەفکەندی سیاسی و گشتی بوون. لەقاودانی سیاسەتەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ کوردستان و خەڵکی ئێراندا، ناساندنی ئامانجەکانی بزووتنەوەی کوردستان و حیزبی دیموکرات، تیشک خستنە سەر نێوەرۆکی بزووتنەوەی کوردستان و هەڵوێستەکانی حیزبی دیموکرات و بەرپرچدانەوەی هێرشی تەبلیغاتی بۆ سەر حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کورد، کاکڵەی سەرەکیی وتار و نووسینەکانی دوکتور شەرەفکەندییان پێک دێنا. دیارە لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی حیزبی دیموکرات دا، دوکتور شەرەفکەندی وەک نووسەرێک لای لە زۆر پرسی گرینگی دیکە دەکردەوە، بۆ وێنە گرینگیی هونەر و ئەدەبیاتی دەروەست، بێبەشیی ژنان لە کوردستان و ئێران و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی نابەرابەری، بایەخدان بەمافی مرۆڤ، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ئاشتیی جیهانی، جۆرەکانی ستەم و چەوسانەوە لە کۆمەڵدا، بایەخدان بە لاوان و هتد.

دیارە لە بەشێکی دیکەی ئەم باسەدا، لەسەر روانگە و بۆچوونەکانی د. شەرەفکەندی لەبارەی کۆمەڵێک پرسی گرینگ، بە کەڵکوەرگرتن لە نووسینەکانی هەڵوێستەیەک دەکەم.

لێرەدا بۆ ئاگاداریی خوێنەران، جێی خۆیەتی وەبیر بێنمەوە کە هەڵبژاردەیەک لە وتارەکانی دوکتور شەرەفکەندی، کراون بە کتێبێک. ئەم کتێبە ٩ ساڵ لەمەوبەر لە لایەن کۆمیسیونی چاپەمەنیی حیزبەوە، بە بۆنەی ١٠ ساڵەی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندییەوە، ئامادە و چاپ و بڵاو کرایەوە.

سەرچاوەیەکی دیکە بۆ باس لە نووسینەکانی دوکتور شەرەفکەندی، ئەو بەیاننامە رەسمییانەی حیزبن کە دوکتور شەرەفکەندی نووسیونی. کۆمەڵێک پەیام و بەیاننامە کە هەر بە ناوی خۆیەوە وەک سکرتێری گشتیی حیزب بڵاو بوونەتەوە یا بە ناوی کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسییەوە، بڵاو بوونەوە. لە هەمووی ئەمانە گرینگتر راپۆرتی کومیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی نۆیەمی حیزبە کە دوکتور شەرەفکەندی نووسیوێتی وئامادەی کردوە.

**زمانی نووسینەکانی دوکتور شەرەفکەندی**

د. شەرەفکەندی بە هەر دوو زمانی فارسی و کوردی دەینووسی. دیارە نووسینی بە زمانی فارسی، دەست پێکرد. بەڵام دوایە وای لێ هات پتر بە کوردیی دەینووسی. ئەو لە قوتابخانە و دەبیرستان و زانکۆ بە فارسی خوێندبووی و هەر بەو زمانەش لە ئاستی دەبیرستان و زانکۆدا تەدریسی کردبوو. دیارە د. شەرەفکەندی، مامۆستای زانستی شیمی بوو. بەڵام زاڵبوونی ئەو بەسەر زمانی فارسیدا هەر لە بواری زانست دا نەبوو. زۆر تێکەڵاوی ئەدەبیاتی فارسی بوو، ئۆگری شێعری شاعیرانی ناوداری فارس بوو، فیلمی فارسی دەدیت و بەرهەمی نووسەر و ئەدیبە گەورەکانی ئێرانی دەخوێندەوە، هەر بە شەخسییش زۆر تێکەڵاوی کەسایەتییە فەرهەنگییەکانی ئێران (ئەوانەی لە دەرەوەی ولات دەژیان) بوو، بۆیە لە نووسین بە زمانی فارسی دا زۆر سەرکەوتوو بوو. وەرگێڕان بۆ سەر زمانی فارسیشی هەر زۆر باش بوو.

بەڵام ئەو پێی وابوو کەسایەتییەکی دیار و رێبەرێکی حیزبی دیموکرات کە کاری نووسینش دەکا، دەبێ فێر بێ بە زمانی نەتەوەکەی خۆی بنووسێ، هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەی رابردوویەکی نەبوو لە کوردی نووسیندا، بەڵام «ضرورت» وای لێ کرد لە نووسین بە کوردی نەپرینگێتەوە. لە بارەی نووسینە کوردییەکانی د. شەرەفکەندی ئاماژە بە چەند خاڵێک پێویستە:

١. چونکە لە ماوەی ژیانی دا راهاتبوو بە فارسی مەبەستەکانی دەرببڕێ، لە نووسینەکانی دا هەست دەکەی هێندێک لە تەعبیر و دەربڕینەکانی لە ژێر کاریگەریی زمانی فارسیدان. لە هەر جێگایەک پێی وابوایە وشە و زاراوەی فارسی مەبەستەکەی باشتر دەگەیەنن، بە کاری دەبردن و لە جێگایەک وشەیەکی کوردیی جێکەوتووی شک بردبا، فارسییەکەی بەکار نەدەبرد. بەڵام دیارە، لە وشەی فارسی دا دەوڵەمەندتر بوو تا لە وشەی کوردی دا.

٢ ـ بۆ د. شەرەفکەندی، دەربڕینی بێ گرێ و گۆلی مەتلەب و مەبەست گرینگتر بوو، بەتایبەتی کە بۆ رادیۆ دەینووسی، «شفافیت» و «صراحت» و «گەیاندنی پەیام» نەدەکردە قوربانیی لایەنی زمانیی نووسین. بە پێچەوانەی هێندێک کەس، کە بابەتەکەیان پڕە لە «لفاظی» و وشەی جوان و رستە و عیبارەتی ئەدەبی، بەڵام لەبارەی نێوەرۆک و پەیام و مەعناوە هەوڵی دەدا، پەیامەکە و مەعناکەی بە روونی بگاتە گوێگر، جا ئەگەر وشەکان، زۆر ئەدەبی و کتێبیش نەبن.

٣ ـ هەر لە پێوەندی لەگەڵ کوردی نووسینەکەیدا، لە حاڵێکدا ئەو حەقەی بە خۆی دەدا لە وشەی و زاراوەی متداول (باو) ی سەرزاری خەڵک، بە تایبەت خەڵکی ئاسایی (نەخوێندەوار و کەم خوێندەوار) کەڵک وەربگرێ، ئامادە نەبوو پەنا بۆ وشەی داتاشراو و»من درآوردی» ببا. ئەو بە تایبەتی بۆ رادیۆ بە زمانێکی سادە دەینووسی، هەوڵیشی دەدا بەو زمانە ستاندارده بنووسێ کە خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لێی تی دەگەن.

**ئایا دوکتور شەرەفکەندی دا خاوەنی سەبک بوو؟**

مەبەستم لە سەبکی نووسین، کۆمەڵە تایبەتمەندییەکن کە نووسینی کەسەکانیان پێ

ل ٦

# تێڕامان یا تێگەیشتنی چەوت؟!

هیوا کوردستانی

بە بۆنەی سەرکەوتنی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی لیبی بەسەر هێزەکانی دیکتاتۆر سەرهەنگ قەززافی و خۆونکردنی دیکتاتۆردا، حیزبی دێموکراتی کوردستان بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە. لە بەیاننامەکەدا وێڕای ئاماژە بە بڕیاری ١٧٩٣ی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لەودا لەسەر بناغەی ئەسڵی «بەرپرسایەتیی پارێزگاری»، جێگیر کردنی چەترێکی پارێزگاری لە سەرانسەری خاکی لیبی دا پەسند کرا، حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشوازیی لەو بڕیارنامەیە کردبوو و بە دەلاقەیەکی هیوا بۆ نەتەوە بندەستەکان و بزووتنەوە ئازادیخوازانەکان لە وڵاتانی دیکتاتۆرلێدراوی زانیبوو.

هەر لەو بەیاننامەیەدا، وێڕای خۆشحاڵی دەربڕین لە بە ئاکام گەیشتنی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی لیبی، ئاماژەیەکی کورت بە رابردووی درێژی خەباتی نەتەوەی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و قەڵاچۆی دڕندانەی ئەو نەتەوەیە لە تورکیەی کەمالی، عێراقی بەعسی و ئێرانی ئیسلامی کرابوو و وێڕای وەبیرهێنانەوەی لەشکەرکێشییەکانی دوو دەوڵەتی ئێران و تورکیە بۆ سەر سنوورەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەک تەنیا دەسکەوتی خەڵکی کورد لە خەباتی سەدان ساڵەی خۆی، گوترابوو کە خەڵکی کوردستان مافی خۆیانە داوای یارمەتی لە کۆڕ وکۆمەڵە

**بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لەجێدا نە داوای دەستێوەردانی سوپایی کردوە و نە هەر لە بنەڕەتدا مەسەلەکە بەتایبەتی رووی لە وڵاتی ئێرانە. بەڵکوو بە شێوەیەکی گشتی باسی پشتیوانیی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە نەتەوە بندەستەکان و بزووتنەوە ئازادیخوازەکان لە وڵاتانی دیکتاتۆر لێدراو دا کراوە**

نێودەوڵەتییەکان بکەن و بە روونی لە ئەنجومەنی ئاسایش چاوەڕوانییان هەبێ کە بە سەرنجدان بە ئەسڵی «بەرپرسایەتیی پارێزگاری» فریای نەتەوەی کورد بکەون و لە بەرامبەر سەرکوتی دەسەڵاتدارە سەرەڕۆکان و هێرشی سوپایی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بۆ سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، بیپارێزن.

بڵاوبوونەوەی ئەم بەیاننامەیە لە سایتە ئینتێرنێتییەکان و راگەیەنە گشتییەکاندا، لە چەند بارەوە بووە بە هۆی تێگەیشتنی چەوتی کەسێک بە ناوی «موحسین قائیم مەقام» کە گوایە لە نەیارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە. ناوبراو بە بڵاوکردنەوەی وتارێک لەژێر ناوی «رامانێک لە بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان» ئەوەی لە بوختان و قسەی ناڕەوا بە قەڵەمیدا هاتووە، پێشکەشی حیزبی دێموکڕاتی کردوە. تێڕامان یا لە راستی دا تێگەیشتنی سەقەتی بەڕێز «قائم مقام» لە زۆر بارەوە شایانی لێ وردبوونەوەیە کە ئێمە لەم کورتە نووسینەدا ئاماژە بە هێندێکیان دەکەین:

لە یەکەم پاراگرافی نووسینەکەیدا، بەڕێز «قائم مقام» ئیددیعا دەکا کە گوایە حیزبی دێموکڕات «داوای دووپاتبوونەوەی ستراتێژیی نیزامیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە لیبی بۆ ئێران دەکا». ئێمە داوا دەکەین خوێنەرانی ئەم نووسراوەیە جارێکی دیکە بەیاننامەی حیزبی دێموکرات بخوێننەوە تا بۆیان دەربکەوێ کە لەم بەیاننامەیەدا هەر لەجێدا نە داوای دەستێوەردانی سوپایی کراوە و نە هەر لە بنەڕەتدا مەسەلەکە بەتایبەتی رووی لە وڵاتی ئێرانە. بەڵکوو بە شێوەیەکی گشتی باسی پشتیوانیی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە نەتەوە بندەستەکان و بزووتنەوە ئازادیخوازەکان لە وڵاتانی دیکتاتۆر لێدراو دا کراوە. لەو نێوەش دا بە شێوەیەکی تایبەتی سەرنج بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، راکێشراوە.

سەرنجڕاکێش ئەوەیە نووسەری وتار، دەرچوونی بەیاننامە لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئاماژە نەکردن بە ناوی هیچ کام لە بەرپرسانی حیزبی، بە نیشانەی نەبوونی ئازادیی داناوە کە دیارە ئەمە نیشانەی بێ ئاگایی بەڕێز «قائم مقام» لە ڕێوشوێنە حیزبی و ڕێکخراوەییەکان و بەتایبەتی بێ ئاگایی و بێخەبەریی تەواو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە شێوەیەکی گشتی مێژووی خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستانە. لە عورفی حیزبە سیاسییەکاندا ئەوە کە بابەتێک بە ناوی یا بە ئیمزای دەفتەری سیاسی یا کومیتەی ناوەندی بڵاو دەبێتەوە بەو مانایەیە کە ڕێبەری و حیزب لە تەواوەتیی خۆیدا لێی بەرپرسیارە.

بەڕێز قائیممەقام لەوەش پتر چۆتە پێش و حیزبی ئێمەی بە ملدان بۆ «تحت الحمایگی»(بەستراوەیی) و داوای هێرش بۆ سەر ئێران لە لایەن وڵاتانی رۆژئاواوە، تاوانبار کردوە و ئەمەشی بە نیشانەی هەلپەرستی و بێ ئاوەزی داناوە. سەرنج بدەن: «حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە راستیدا بە راگەیاندنی ملدان بۆ «تحت الحمایگی» داوای هێرش بۆسەر ئێران لە لایەن وڵاتانی رۆژئاوا لە ژێر ناوی «بەرپرسایەتیی پارێزگاری» بەهۆی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەکا. ئەم داوایە.... تەنیا نیشانەی هەلپەرەستی و بێ ئاوزەیی ئەو تاقمەیە... ئەم جۆرە سیاسەتانە کە لە خۆبە تەوەرزانینەوە سەرچاوە دەگرن، لەراستیدا دەستبەسەرداگرتنی وڵات بە یارمەتیی چەکی خۆیان و هێزە رۆژئاواییەکانیان لی دەکەوێتەوە و تەنیا دەبێتە هۆی زیادبوونی هێزی نێوخۆیی سەرەڕۆیی و یارمەتیی سەقامگیربوونی دیکتاتۆرەکان دەکا».

ئەو بەڕێزە لە هیچ جێگایەکی وتارەکەی و بۆ سەلماندنی هیچ کام لە بوختانەکانی بە پێویست نازانێ کۆپلەیەک لە بەیاننامەکەی حیزبی دێموکرات بە نموونە بێنێتەوە. چونکە بۆخۆی دەزانێ کە لە سەرانسەری بەیاننامەکەدا دەستەواژەیەک نادۆزێتەوە کە ئەم تێگەیشتنانەی لێ هەڵ بهێنجێ. جگە لەمەش، زۆر سەیرە کە ملدان بۆ بڕیارنامەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە مەبەستی پشتیوانی لە خەڵکی ستەملێکراو و سەرکوتکراو، بە مانای ملدان بۆ «تحت الحمایگی» بێ! لەسەر ئەم بناغەیە گوایە بەرەی شۆڕشگێڕانی لیبی کە ئێستا ئیدی بە کردەوە جڵەوی کاروباری ئەو وڵاتەی لە دەست دایە، یا ئۆپۆزیسیۆنی پێشووی عێراق کە هەر ئێستا دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتی بە دەستەوەیە، ئایا هەموویان بندەستی بەستراوەیی وڵاتانی بێگانەیان قبووڵ کردوە و ئێستا سەربەخۆیی خۆیان لە دەست داوە. بەڕاستی ئەمە تێگەیشتنێکی شیاوی پیاهەڵدانە!

سەیرتر ئەوەیە نووسەر داوای پشتیوانیی نێونەتەوەیی لە خەباتی رزگاریخوازانەی خەڵک بە نیشانەی بێ ئاوەزی و هەنگاوێک لە خزمەت سەقامگیرکردنی دیکتاتۆرەکان ناو دەبا. بەراستی دەبێ بە بۆنەی ئەم کەشفە سەرسوڕهێنەرە ئافەرینی پێ بگوترێ!

دیارە ئەو بەڕێزە دەسەڵاتدارەتیی دیکتاتۆرەکان بە هاوواتای نیشتمان و خەڵک دەزانێ و هەر چەشنە هەوڵێک بە مەبەستی لاوازکردنی دەسەڵاتی ئەهریمەنیی ئەوان بە واتای دەست بەسەرداگرتنی تەواوەتیی خاکی نیشتمان دادەنێ. دیارە دەسەڵاتێک کە نەیارانی ئەوتۆی لە ریزی ئۆپۆزیسیون دا هەیە، دەبێ پیرۆزبایی لێ بکرێ چونکە بەراستی بەم جۆرە بیرکردنەوەیەیان ئەوان زیاتر یارمەتی بە درێژ بوونەوەی تەمەنی دیکتاتۆران دەکەن تا لایەنگران و داکۆکیکەرانی ئەو ڕێژیمانە.

لە بەشێکی دیکە لە وتارەکەی دا، بەڕێز «قائم مقام» لە گوێن کاربەدەستانی دەوڵەتیی پێشووی ئێران کەوتۆتە ستایش و پیاهەڵدانی (بە ساویلکە زانینی خەڵکی کوردستان) و ئەوان بە سنوورپارێزانی ئازا ناو دەبا و «بەرگریی ئەوان لە بەرامبەر هێرشی ئەسکەندەر بۆ سەر ئێراندا» وەبیر دێنێتەوە. غافل لەوە کە ئەو سەردەم بە سەرچووە کە بکرێ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەم جۆرە ناوە بێنێوەرۆکانە هەڵخەڵەتێنرێن. خەڵکی خەباتگێری کوردستان هیچکات لە خۆراگری بەرامبەر دوژمنانی وڵات هەستیان بە پەشیمانی نەکردوە، بەڵام هەر لەو کاتەدا باش دەزانن کە دەسەڵاتدارانی پێشوو و ئێستای ئێران و ئەو هاونیشتمانە شۆڤێنیستانەی خۆیان بۆ بە دەستەوەگرتنی دەسەڵات لە ئێران ئامادە کردوە، هیچکات دیارییەکی دیکە جگە لەم نازناو و دروشمە بێنێوەرۆکانەیان بۆ ئەم نەتەوەیە پێ نەبووە و پێ نابێ.

ئەم بەڕێزە لە بیری نەچۆتەوە کە یادێکیش لە کەریمخانی زەند، یەکێک لە پاشا گەورە و دادپەروەرەکانی ئێرانیش بکاتەوە کە تەنیا نازناوی «وکیل‌الرعایا»ی لە جیاتی ناوی شایەتی بۆخۆی هەڵبژاردبوو ، بەڵکوو لەم ڕێگایەوە خەڵکی کورد لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان رابپەڕێنێ. وادیارە کاکی نووسەر خەڵکی خەباتگێری کوردستان بە خەڵکێکی نەزان و ساویلکە دەزانێ. بەڕێز! خەڵکی ئێمە شانازی بە گەورەکانی مێژووی خۆیانەوە دەکەن، هەر لەو کاتەشدا بە تەواوی لەم راستییە ئاگادارن کە ئەگەر

**حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نێوان ئێران و خەڵکی ئێران لە لایەک و دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرست و هاوبیرانی ئەوان لە لایەکی دیکە جیاوازی دادەنێ. لە کاتێکدا بە هەموو هێزییەوە بۆ یەکیەتیی کردەوە لەگەڵ هەموو حیزب و ڕێکخراوە گەلییەکانی ئێران هەوڵ دەدا، راشکاوانە و بێ هیچ شاردنەوەیەک لە دیکتاتۆریی زاڵ بە سەر ئێراندا و هاوبیران و پشتیوانیان ئەگەر لە بەرگی ئۆپۆزیسیۆنیش دابن، بێزارە**

کەریمخانی زەند تەنیا نازناوی «وکیل‌الرعایا»ی لە سەر خۆی دادەنا و لێبڕاو بوو کە دەسەڵاتێکی خەڵکی لە وڵاتەکەی جێگیر بکا، هەبوون و زۆرن ئەو دەسەڵاتدارانەی کە خۆیان بە سیبەری خوداوەند و نوێنەری خودا و نوێنەری ئیمام و هتد دەزانن و لە هیچ چەشنە ستەم و زۆردارییەک دەرحەق کۆمەڵانی خەڵک و بە تایبەتی نەتەوە بندەستەکانی ئێران درێغیان نەکردوە.

نووسراوەکەی بەڕێز «قائم مقام» قسەی زۆر هەڵ دەگرێ. بەڵام هەر بەم کورتە نووسینە دەیبڕینەوە و تەنیا ئەم خاڵەی دەخەینە سەر کە جگە لەوەی لە بەیاننامەی ناوبراودا هیچکام لەو بابەتانەی ناوبراو داونییە پاڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان، نە بە راشکاوی و نە بە کینانە، نەهاتوون، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نێوان ئێران و خەڵکی ئێران لە لایەک و دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرست و هاوبیرانی ئەوان لە لایەکی دیکە جیاوازی دادەنێ. لە کاتێکدا بە هەموو هێزییەوە بۆ یەکیەتیی کردەوە لەگەڵ هەموو حیزب و ڕێکخراوە گەلییەکانی ئێران هەوڵ دەدا، راشکاوانە و بێ هیچ شاردنەوەیەک لە دیکتاتۆریی زاڵ بە سەر ئێراندا و هاوبیران و پشتیوانیان ئەگەر لە بەرگی ئۆپۆزیسیۆنیش دابن، بێزارە. ئەگەر ئێوە یا کەسانی دیکەش ئەم راستییە بە جیاییخوازی دەزانن، مەیلی خۆتانە. بەڵام دروشمی ستیراتێژیکی حیزبی ئێمە هەر وەک ئێستا، بەدەستهێنانی مافی رەوای خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکی فیدرال دا، دەمێنێتەوە.

درێژەی:

# دوکتور شەرەفکەندیی ڕێبەر، وەک نووسەرێک

دەناسرێتەوە. بەو تێگەیشتنەوە دەتوانم بڵێم دوکتور شەڕەفکەندی خاوەنی سەبکی تایبەت بە خۆی بوو کە لەم چەند تایبەتمەندییە دا خۆ دەبیننەوە:

١ـ سادە نووسین، هەر بابەتێکی نووسیبای و لە هەر زەمینەیەک دا بوایە، بۆنوخبە و بۆ «خواص»ی نەدەنووسی، بۆ زۆربەی زۆری گوێگر و خوێنەری راگەیەنەکانی حیزبی دەنووسی.

٢ـ انسجام (وحدت موضوعی) لە نووسینەکانیدا هەبوو، لە ئەسڵی مەبەستەکەی دوور نەدەکەوتەوە، حاشیەرۆیی نەبوو، ئەگەر وتارێک بکەینە ٣ بەش : سەرەتا، نێوەڕۆک و ئاکامگیری، هەر یەکەی نرخی خۆی پێ دەدان. دیارە پێشەکییەکانی زۆر کورت بوون و خوێنەرو گوێگریان زۆر زوو دەبردە نێو ئەسڵی بابەت. هەوڵیشی دەدا پەیامی خۆی لە بەشی کۆتایی دا و بە یارمەتیی ئەوئیستیدلالەی لە توێی مەتن دا کردوویە ( دوای دروستکردنی زەمینەی زێهنی و ئێستدلال و هێنانە گۆڕی فاکتەکان) بگەیەنێتە گوێگر یا خوێنەر.

٣ ـ لە زۆربەی نووسینەکانیدا، لە پێشدا پرسیاری دەوروژاند و قسەکانی خۆی لە وڵامی ئەو پرسیارانەی خۆی دا دەکرد. هەم نەفی و رەتکردنەوەی قسە و ئیددیعای تەڕەفەکانی، هەم بۆ ئیسپات و سەلماندنی قسەی حیزبەکەی یا هی خۆی بە هۆی پرسیارەوە تەڕەفی بە چالش دەکێشا. دیارە پرسیارەکانی «طنز آمیز» و جۆرێک گاڵتە کردنی ناراستەخۆ بوون بە ئەقڵ و مەنتقی لایەنی بەرامبەر.

٤ ـ دەکرێ بڵێین نووسینەکانی دوکتور شەڕەفکەندی هەموویان دەچنە خانەی ئەدەبی بەرەنگاری (ئەدەبی سیاسی). چونکە زۆربەی هەرە زۆریان لە دژایەتی لەگەڵ دیکتاتۆری، دواکەوتوویی و بندەستی و لە خزمەت بەرەو پێشبردنی خەباتی شۆڕشگێڕانەو برەو پێدانی دێموکراسی و دادپەروەری دا بوون.

٥ ـ خێرابوون لە لێکدانەوە و هەڵوێست گرتن و نووسین دا. کاتێک نووسین دەبێتە کاری رۆژانە و دەبێتە رێنوێنی تێکۆشەران و تودەی حیزبێک و کۆمەڵانی خەڵک، نووسەر دەبێ بەردەوام ئاگای لە رووداوەکان و هەڵوێستەکان بێ، دەبێ توانای لێکدانەوەیانی هەبێ، دەبێ بەوەخت وەدەست بێ و بنووسێ. دوکتور شەڕەفکەندی لەو جۆرە نووسەرانە بوو.

٦ـ بوون لەنێو واقعییاتی ژیانی رۆژانە دا. دەرکی روحیات و ئێش وئازار و موعاناتی خەڵک کردن، جووڵاندن و وەخەبەر هێنانی تەلی هەستی گوێگر و خوێنەر، تەشخیص دانی نیاز و پرسیاری بەردەنگ و وڵامدانەوەیان و وروووژاندنی پرسیار لە گوێگر و خوێنەر دا و ئەرکدار کردن و بەرپرسیارکردنی، لە نووسینەکانی دوکتور شەرفکەندی دا، دەبیندرێ. بڕواننە پەیام بە بۆنەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو، یا ئەو وتارانەی بە بۆنەی ئێعدامی بەکۆمەڵی لاوانی کوردستانەوە نووسیونی، بۆ ئەوەی بزانن چۆن هەست و قسەی ناخی خەڵک لەو کاتوساتانیدا دەربڕیوە. بە کورتی ئەو دەروونی بەردەنگی خۆی دەخوێندەوە.

### ئەوخەباتگێڕەی هەم ڕێبەر بوو هەم نووسەر

دوکتور شەرەفکەندی بە مانای واقیعی خەباتگێر بوو، گیانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ستەم و نابەرامبەری و دیکتاتۆریی تێدا بوو و بە ئاگاییەوە هەنگاوی بۆ هەڵ گرتبوو. بەڵام هەنگاونانی بۆ دژایەتی لە گەڵ ستەم و دیکتاتۆری و نابەرامبەری، هەم لایەنی فکری هەبوو، هەم لایەنی پراکتیکی. ئەوخەباتگێڕێکی زانا بوو، بەردەوام دەیخوێندەوە و فێر دەبوو، هەر لەوکاتەدا توانی فیرکردنی هەبوو. لەو کۆمیسیۆنەی کاری دەکرد، لە رادیۆ، لە رۆژنامە و دەستەی نووسەران و لە کۆڕ وکۆبوونەوەی حیزبیدا،دەتتوانی لێی فێر بی. گوێگرتن لە رادیۆ و خوێندنەوەی کتێب و مجلات و رۆژنامە لانیکەم بە سێ زمانی کوردی و فارسی و فەڕانسە، تەعقیبی نەشریات و هەڵوێستەکانی حیزب و ڕێکخراوە ئێرانییەکانی دەکرد. لە خوێندنەوە دا خێرا بوو. لەسەر فاکتی زۆر ورد دەوەستا. لە راستیدا لە ژیانی سیاسی و خەباتگێڕانەشیدا، هەر مامۆستا بوو.

**تێبینی: ئەم وتارە لە کۆڕیادێک بە بۆنەی ١٩ ساڵەی تیرۆری دوکتور شەڕەفکەندی دا پێشکەش کراوە. لە ژمارەی داهاتوی «کوردستان» دا، بەشی دووهەمی ئەم وتارە بڵاو دەکرێتەوە کە تایبەتە بە روانگە و بیرو بۆچوونەکانی د. شەڕەفکەندی**

# جیهانی ئیسلام گۆڕەپانی وێککەوتنی دیپلۆماسیی تورکیە و ئیسرائیل

**ڕێبوار مەعروف زادە**



**دەوڵەتی سکۆلاری تورکیە نموونەیەکی بەرچاو لە دەسەڵاتی موسڵمانانە کە نیشانیداوە لە نێوان دێموکراسی و موسڵمانەکاندا دژایەتی نییە، هەروەها نیشانیداوە کە وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن حیزبێکی ئیسلامی دەتوانێ بە مانای بوونی کۆماری ئیسلامییەکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەبێ**

گۆڕانەکانی جیهانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێک بەهای لە ناوچەکە جێگیر کردوە و کۆمەڵێک پرەنسیپی کۆنی تووڕ داوە، لە کایە سیاسییەکانی ناوچە و جیهانیش دا ڕۆڵی هەبووە و یەکێک لە دەرکەوتە بەرچاوەکانی، ئەو ڕۆڵە بەستێنخوڵقێنەیە کە لە هاتنە ئارای دیپلۆماسیی تازەی تورکیە و دەستەوەستانیی دیپلۆماسیی ئیسرائیل هەیەتی. کۆی جیهانی عەرەبی لە رابردوودا بە حوکمی بوونی دەوڵەتی ئەمنییەتی - پۆلیسی خواستەکانی خۆشبژێوی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی خستبووە پەراوێزەوە. بەم هۆیە نیزامیکارەکان و بە گشتی ئەقلانییەتی سوپای لە بەڕێوەبەری و دیپلۆماسی وڵاتدا ڕۆڵی سەرەکییان دەگێرا. دیارە ئەقلانییەتی سوپای بەو ئەقلانییەتە دەڵێن کە کۆمەڵگە بە شێوازێکی ڕەها بە سەر فەرماندەر و فەرمانبەر، قسەکەر و گوێگر، مامۆستا و قوتابی، خوا و عەبد دابەش دەکا و بەستێنی دیالۆگ بە واتای بوونی هاوکات و بەردەوامی «گفت وگو» لە نێو دەبا. هەروەها ئەقلانییەتی نیزامی کاتێک دیپلۆماسی دەکا دۆست و دوژمنی گیانی دەستەبەر دەکا.

ئێستا کە بە پێچەوانەی رابردوو کاتێک چەند هەزار کەس لە قاهیرە دێنە سەر شەقام کەس لەو بڕوایەدا نییە کە حکوومەتی نوێی میسر بڕووخێ یا ئەو وڵاتە بکەوێتە قەیرانێکی سیاسییەوە، هەروەها حکوومەتیش پەنا بۆ تیۆری پیلان نابات و سەرچاوەی نارەزایەتیی خەڵک لە دەرەوەی وڵات لە قەڵەم نادا. بەم پێیە خەڵکی میسر مافی خۆپیشاندانیان جێگیر کردوە و کردویانە بە بەشێک لە کلتوور و ژیانی ڕۆژانەیان. دەرئەنجام کاتێک خەڵک بۆ دەربڕینی خواستەکانیان دەتوانن خۆپیشاندان بکەن کە وایە دەتوانن لە نێو سیاسەتی وڵاتدا ڕۆڵ بگێڕن. لە راستیدا زیادبوونی فاکتەری خەڵک بە سیاسەتی عەرەبی بە واتای «سەر لە نوێ دارشتنەوە و جێگیرکردنی چەمکی سیاسەت وەک چەمکێکی گشتی نەک شەخسی» ئەو دەستکەوت و دەروازە گەورەیەیە کە جیهانی عەرەبی بە ڕووی خۆی و دنیای دەرەوەدا کردویەتەوە. بەم شێوەیە کاتێک لە جوغرافیایەکی بەرفراوان وەک جیهانی عەرەبی پێویستییەکانی فەرهەنگی، خۆشبژێوی و کۆمەڵایەتی دەبێتە خواستی سەرەکی کەوایە وڵاتانی ناوچە بۆ بەردەوامبوونی پێوەندییەکەیان لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و دواجار دەستەبەر کردنی بەرژەوەندی زیاتر و شوێنپەنجەی بەهێزتر لە ناوچەکە و جیهاندا پێویستە لە دیپلۆماسییەکەیاندا، لەو گوتارەی ئاراستەی ناوچەکەی دەکەن، لەو حیکایەتەی بۆ شی کردنەوەی دۆستایەتی وڵاتەکەی خۆیان و وڵاتەکانی ناوچە دەیگێرنەوە، گۆڕان پێکبێنن.

ئەو گۆڕانە لە دیپلۆماسیدا ئەوەیە کە ڕەهەندی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و... ببن بە بناخە و وەپێش ڕەهەندی ئەمنییەتی، نیزامی و... بکەون. لە دەلاقەی گۆڕانکارییەکانی جیهانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەچینە نێو دیپلۆماسیی تازەی تورکیە و دەستەوەستانی دیپلۆماسی ئیسرائیل.

**دیپلۆماسی تورکیە:** کاتێک قسە لە سەر تورکیە دەکەین مەبەست ئەو وڵاتەیە کە:

١- پردی پێوەندی نێوان ئوروپا و ئاسیا و بە گشتی پردی پێوەندیی نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتە. ئەو پردی پێوەندییە تەنیا پێوەندی جوغرافیایی نییە بەڵکوو لە بنەڕەتدا پردی پێوەندی فەرهەنگییە لە نێوان ئیسلامی ڕۆژهەڵاتی و مەسیحییەتی ڕۆژئاوایی.

٢- کاتێک باس لە «بە جیهانیبوون» و بە تایبەت ڕەهەندی ئابووری «بە جیهانیبوون» دەکرێ، دەرکەوتە بەرهەستەکەی سەرهەڵدانی هێندێک ئابووریی بەهێز لە جیهاندا وەک تورکیە، هێند و بەرزیلە. تورکیە ئەندامی گرووپی G٢٠ (بیست ئابووریی بەهێزی جیهان) و شانزدەهەمین ئابووریی جیهانە.

٣- تورکیە تەنیا ئەندامی موسڵمانی ناتۆیە.

٤- لە تورکیەی سکۆلاری هەنووکەدا حیزبی ئیسلامی AKP دەسەڵاتدارە. حکوومەتی سەقامگیر و سەرکەوتووی AKP پەنجەرەیەکی کردۆتەوە بەرەورووی هەر دوو جیهانی ڕۆژئاوا و ئیسلام. لە لایەک ڕۆژئاوا مۆدێلی دەسەڵاتداریێتیی AKP لە بەرامبەر تیرۆریزم، سەرەکیترین دوژمنی هاوبەشی ئەمریکا و یەکیەتیی ئوروپا، دەبینێتەوە. دیارە تێرۆریزم، ئیسلام و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە تەنیشت یەکتر هەڵکەوتوون. هەروەها عەرەبستانی سەعوودی و کۆماری ئیسلامیی ئێران وێنەیەکی بێزراوی موسڵمانەکان لە دنیادا پێشان دەدەن. لە لایەکی دیکەوە سروشتییە کە موسڵمانەکان بە گیان و ماڵیان هەوڵی دروستکردنی وێنەیەکی سەربەرزانە و شکۆمەند لە خۆیان بدەن بەڵام موسڵمانەکان بە بوونی حکوومەتە سەرەڕۆکان (کۆماری ئیسلامی ئێران و سوریە و...) و ڕۆژئاوا لە حکوومەتەکانی بێزراو و نارەوای خۆیان (عەرەبستانی سعوودی و میسری موبارەک و...) دەهری دەبن، ئومێدەکان دەژاکێن و هەست بە بێ کەرامەتی و بە بێ ئیرادەیی دەکەن. لە راستیدا ئەو بێهیوایی سیاسی و لە شوناس بەتاڵبوونەیە کە تەقینەوە دروست دەکا، ئەگینا خەڵکی دیکە هەن کە زۆر ئاسانتر دەستیان بە چەکی جۆراوجۆر دەگا بەڵام خۆیان لە تەقینەوەدا نابیننەوە. بەم پێیە ڕۆژئاوا دەبێ لەوە تێبگا کە ڕەچاوکردنی سیاسەتی دوانە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پێشخستنی بەرژەوەندی ئابووری بە سەر دێموکراسی و مافی مرۆڤ، جەخت کردنە سەر دێموکراسی ئامرازی نەک دێموکراسیی فەرهەنگی، و لە راستیدا «دەوڵەتی دیکتاتۆری هاوپەیمان لەگەڵ ڕۆژئاوا» شەرعییەت بە بوونی توندو تیژی و تێرۆریزم لە کۆمەڵگەی عەرەبی و جیهانی ئیسلام دەدا.

ئەزموونی خەبات بە دژی تیرۆریزم لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نیشانی داوە کە سەرکۆتی بزووتنەوە ئیسلامییەکان نەتەنیا ڕێگەچارەیەکی گونجاو لە بەرامبەر توندرەویی ئایینیدا نییە بەڵکوو دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو بزووتنەوانە دەرفەت پەیدا بکەن پاساو بۆ چالاکییە تێرۆریستییەکانیان بێننەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە ڕەخساندنی بواری یاسایی بۆ چالاکیی حیزبە ئیسلامییەکان ڕێگە خۆش دەکات ئەو بزووتنەوانە بچنە نێو چوارچێوەیەک بە ناوی یاسای وڵات و لە مەیدانی نیشتمانیدا بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات ململانێ بکەن. دەوڵەتی سکۆلاری تورکیە نموونەیەکی بەرچاو لە دەسەڵاتی موسڵمانانە کە نیشانیداوە لە نێوان دێموکراسی و موسڵمانەکاندا دژایەتی نییە، هەروەها نیشانیداوە کە وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن حیزبێکی ئیسلامی دەتوانێ بە مانای بوونی کۆماری ئیسلامییەکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەبێ.

لە تورکیەدا تا پێش ساڵی ١٩٩٦ نەوەی سیاسیی کۆنی موسڵمانەکان لەو بڕوایەدا بوون کە چوونی تورکیە بۆ یەکیەتی ئوروپا دەبێتە هۆی ئەوەی ئیسلام لە تورکیە لە نێو بچێ، ئەوان لەو بڕوایەدا بوون کە سیستمی بەهاو بونیادی خەیاڵی ئوروپا لە سەر بنەمای مەسیحییەت دامەزراوە و یەکیەتی ئوروپا هەڕەشەیەکی گەورەیە بەرامبەر بە سیستمی بەهای تورکیە کە ئیسلامە. لەم بەینەدا کەمالیستەکان دژایەتی کردنی موسڵمانەکان بۆ بە ئەندامبوونی تورکیە لە یەکیەتیی ئوروپایان دەقۆستەوەو لەلایەک پشتگیریی ئوروپاییان بۆ خۆیان مسۆگەر دەکرد و لەلایەکی دیکە خەڵکی تورکیەیان لە موسڵمانەکان دەتۆقاند. بەڵام، نەوەی نوێ موسڵمانەکان ( ئەردوغان، گول و ...) نەتەنیا دژایەتی چوونی تورکیە بۆ یەکیەتی ئوروپایان نەکرد بەڵکوو لە پشتگیری و بە ئەنجام گەیشتنی ئەو ئاواتە لەمێژینەیەی کۆمەڵگەی تورکیە خۆیان خستە پێشەوە و دەستپێشخەرییان کرد. ئەم سیاسەتە نوێیەی نەوەی نوێ موسڵمانەکان ترسی کۆمەڵگەی تورکیەی ڕەواندەوە. دیارە پێشمەرجی چوون بۆ یەکیەتیی ئوروپا، کەمکردنی ڕۆڵی ئەرتەش لە سیاسەت دا بوو، بەم شێوەیە دیپلۆماسیی نوێی ئیسلامییەکان کەمالیسمی لە تورکیە لە ددان (بە بێ ئەرتەش) خست.

هەنووکە تورکیە قۆناغی ناسەقامگیریی سیاسی و ئەگەری ڕووداونی پێشێوی و کودیتای نیزامی تێپەڕ کردوە. لە قۆناغی تازەدا چیدیکە بە ئەندامبوون لە یەکیەتیی ئوروپا وەک ئارمێکی سیاسی ئەو سەرچاوە وزەبەخشە نییە کە کۆمەڵگەی تورکیە تەژی لە ئومێد بکا و مانا بە تێکۆشانی خەڵک ببەخشێ. هەنووکە تورکەکان کەسایەتیی ئوروپاییەکان وەک خەونێک بۆ خۆیان وێنا ناکەن بەڵکوو لە قۆناخی تازەدا کەسایەتیی تورک خۆی لە پلەی بەراوەردەکردن لەگەڵ کەسایەتیی ئوروپایی دەبینێتەوە.

لە قۆناخی تازەدا ئەو خولیا سیاسییە، ئەو دایناموّ و ستراتژییە نوێیەی کە دیپلۆماسیی نوێی تورکیەی لە سەر بنیاد نراوە «سەرکردایەتیی سیاسی و ڕۆحیی یەکیەتیی عەرەب و جیهانی ئیسلامە». بریندار بوونی کەسایەتیی عەرەب و موسوڵمانەکان لە شەڕی ٦ ڕۆژەدا لەبەرامبەر ئیسرائیل دا، هەتاکوو ئێستاکەش ساڕێژ نەبۆتەوە. دیپلۆماسیی نوێی تورکیە لە جموجۆڵدایە تا بە دەرکردنی باڵوێزی ئیسرائیل لە تورکیە و پشتگیری کردن لە پرسی فەلەستین ڕێبەرایەتیی ئەو هەژاندنە تازەیەی جیهانی ئیسلام لە چنگ بگرێ. پشتگیری کردن لە پرسی فەلەستین، سارد کردنەوەی پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیل و قەیرانخوڵقێنی لە پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیل دا بە بێ ئەوەی ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی جیددی ئەنجام بگرێ، ئەو ئامرازەیە کە تورکیە بۆ قۆستنەوەی بازاری جیهانی عەرەب و ئیسلام کەڵکی لێ وەردەگریت.

**دیپلۆماسی ئیسرائیل:** سیاسەت و ڕەوشی نێوخۆیی بناخەی سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێکە. لە دوایین خۆپیشاندانی خەڵکی ئیسرائیل کە لەمێژووی ئەو وڵاتەدا هەم لەباری چەندایەتی و هەم لەباری داواکارییەکانی خۆپیشاندەران بێ وێنە بووە، زیاتر لە ٤٥٠ هەزارکەس خواستی خوشبژێوی یان (کەمکردنەوەی بەهای ئیجارە خانوو و....) یان بەرز کردۆتەوە.

ئەوە لە حالێک دایە لە رابردوو دا خەڵکی ئیسرائیل بەردەوام داوای دابینکردنی ئەمنییەت و پاراستنی سنوورەکانیان هەبووە. هۆکاری ئەم وەرچەرخانە گەورەیە لەخواستی خەڵکی ئیسرائیل دا دەبێ لە دێموکراسیی نێوخۆیی و سیستمی پەروەردەیی سکۆلاری ئەم وڵاتەدا ببینینەوە. ناکرێ لە وڵاتێکدا دێموکراسیی راستەقینە و سیستمی پەروەردەی سکوڵاری کارامە هەبێ بەڵام نەوەیەک بێتە مەیدان کە خوازیار و پاڵپشتی رادیکاڵیزمی ئایینی و لووتبەرزی سیاسی بێ.

دیپلۆماسیی ئیسرائیل کە ئێستاکە لە چنگ نەوەی شەڕی ساردی ئەو وڵاتەدایە ڕۆژانێکی زۆر دژواری لە پێشدایە چونکە:

١_ نەوەی نوێی ئیسرائیل بەمجورە پەروەردە نەکراوە کە لەو بڕوایە دابێ کە، ئیسرائیلی بوون یا یەهوودی بوون هەموو شتێکە و بۆ پاراستنی ئیسرائیل یا یەهوود ئەنجامدانی توندڕەوی نەک ڕەوایە بەڵکوو قارەمانەتی و نیشتمانپەروەرییشە. بەم پێیە نەوەی نوێی ئیسرائیل نەوەی کۆنی شەڕی سارد لەسەرەتادا بەپاڵپشتی نەکردن و لە دواییدا بەدژایەتی کردن بۆ چوونە دەرەوە لە گۆڕەپانی سیاسەت ڕێنوێنی دەکا.

٢_ هەر نەتەوەیەک مێژووی خۆی لە بیر بکا مەحکوومە بە دووپات کردنەوەی رابردووی خۆی. ئەو سووکایەتی و زوڵمەی ئوروپاییەکان لە رابردوودا دەرهەق بە یەهوودییەکان کردیان و دواجار هولۆکاستی لێکەوتەوە، ئیسرائیل لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەمان توندڕەوی و بێ ڕێزیی ڕەچاو کردوە.

ئیسرائیل شەڕێکی گەورەی لە پێشدایە بەڵام ئەو شەڕە شەڕی گەرم نییە کە پەنا بۆ تۆپ و تانگ بەرێ بەڵکوو ئەو شەڕە شەڕی فەرهەنگی یە.

ئەو ڕووداوە وێنا بکەن کە وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل سەردانی وڵاتانی عەرەبی دەکا و خەڵکی ئەو وڵاتانە هۆی لێدەکەن، کەسایەتی ئیسرائیل وەک کەسایەتییەکی مرۆڤکۆژ لە قەڵەم دەدرێ و......

لەم بەینەدا دژکردەوەی ئیسرائیل چ دەبێ؟ ئایا ئەمریکا بە هانای ئیسرائیلەوە دێ؟ ئایا ئیسرائیل هەوڵ دەدا کارتی ئەرمەنی و کورد بەکار بێنێ؟

# بە بیانووی دژایەتی لەگەڵ « کەمپ»دا

ناسری ئیرانپوور
وەرگێران لە فارسیەوە: بێژان

**بابەت:** لەم ساڵانەی دوایـیدا ئەوەی کە لە لایەن ژمارەیەک لە رەخنەگرانەوە بە « کەمپنشینیی هێندێک حیزبی کوردستانی» ناوی دەبرێ بۆتە بابەت یان بیانوویەک بۆ رەخنەگرتن لەم حیزبانە. ئەم «کەمپانە» شوێنی نیشتەجێبوونی ئەم حیزبانە لە خاکی کوردستانی عێراقدان. جێی خۆیەتی هەڵوێستەیەکمان لەسەر ئەم بابەتە هەبێ. نووسەری ئەم دێڕانە پێشەکی ددان بەوە دادەنێ کە تا ئێستا نە لە نزیکەوە ئەزموونی «ژیانی کەمپ» و « کەمپنشینی»ی هەیەو نە لە دووریشەوە دیتوویەتی، هەروەک بۆ زۆربەی رەخنەگرانی ئەو مەسەلەیەش هەر وایە. کەوابوو وەک چاوەدێرێکی بێلایەنی سیاسی پێم وایە ئەم باسانە هەر لەجێدا بێ بناخەو هەڵەن، هەرنەبێ کەموکوڕیی بنەڕەتییان هەیە، کەوابوو بە ئاکام گەیشتنەکانیشیان ناتوانێ دروست بن. لە خوارەوەدا هەوڵ دەدەم بە چڕیو بە کورتی، بە بەڵگە بۆچوونەکەم بسەلمێنم.

زاراوە سازی ( تێرمینۆلۆژی )ی هەڵە: یەکەم، لە بەکارهێنانی خودی زاراوەی «کەمپ»و «کەمپنشینی»دا شاراوەیە. ئەم زاراوەیە بە شایانی بنکەو بارەگاکانو پێگەکانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران نازانم، لەبەر ئەوەی کە ئەم زاراوەیە زیاتر کەشوهەوایەک دێنێتە یاد کە ناتوانێ زۆر لەگەڵ « کەمپەکانی» سەربە حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بێتەوە. چونکە هێزەکانی ئەم حیزبانە نە ئاوارەن کە لە شوێنێکی دیاریکراو ( کەمپ )دا بە شێوەیەکی کاتی نیشتەجێ کرابنو نە ژیانو پێوەندییە دەروونییەکانیان چەقبەستوویە کە پاشگری «نشینی» لە بیرو زەیندا پێک بێنێو نە دانیشتوانیشی خەڵکی بێ ئیرادەو بێ ئامانجن...

وەبەرچاونەگرتنی سەرچاوەی مێژوویی ئەم «کەمپانە». ئاشکرایە کە کوردستانی ئێران تاقە نموونەیەک لە مێژوودا نیە کە ئەم جۆرە بارەگایانەی هەبێ، بە پێچەوانە: کام بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازی نەتەوەیی بە پانتایی کوردستان لە رووی درێژەکێشانی کاتەوە دەناسین کە ئەم جۆرە بارەگاو پایەگایانەی نەبووبێ؟ پێکهاتنی ئەم بارەگایانە کاتێک بۆ هێزەکانی کوردستانی ئێران بوو بە مەسەلە کە ئەوان پاش هێرشی بەربڵاوی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بۆسەر کوردستانو شەڕێکی چەند ساڵە ئەوانی ناچار کرد، لە خاکی کوردستانی عێراق شوێنێک بۆ دامەزراندنی هێزە شەڕکەرەکانیان و پاشان بۆ بنەماڵەکانیشیان بدۆزنەوە و لەوێوە خەباتی سیاسی ـ نیزامیو پاشان تەنیا سیاسی لە کوردستانی ئێراندا رێک بخەنو هەماهەنگو رێبەریی بکەن. هەر بۆیە ئەم هەنگاوەی ئەوان نە ئەوە بوو بۆخۆیان هەڵیبژێرنو نە دڵخوازو مەبەستی ئەوان بوو.

وەبەرچاونەگرتنی رۆڵی بێ ئاڵتێرناتیڤی ئەم «کەمپانە». هەروەها سەرنج نەدان بە رۆڵو کردەوەی ئەم بارەگایانە چ لەو کاتداو چ ئێستا هەیانە، تووشی ئەو ئاکامگیرییە هەڵەیەمان دەکا. ئەم هێزانە هەر دەبووا جێگەیەکیان هەبێ بۆ:

ـ دامەزرانو نیشتەجێبوونی یەکە پارتیزانەکانیان کە بە شێوەیەکی پەڕاکەندە لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی کوردستانی ئێرانەوە دەهاتنەوە،

ـ ئامووزشی سیاسی ـ نیزامیی هێزەکان،

ـ وەڕێخستنی ئۆرگانە راگەیەنەکان ( رادیۆ، چاپەمەنی )،

ـ دامەزرانی پێوەندی لەگەڵ رێکخستنەکانی نێوخۆی وڵات،

ـ نیشتەجێکردنی بنەماڵەی خەباتگێڕەکان،

ـ بەڕێوەبردنی کۆنگرەکانو کۆنفرانسەکانو پلینۆمەکانو سیمینارەکانو رێورەسمەکانی حیزبی،

ـ دابینکردنی ئەمنییەتی گیانیی ئەو هێزانە لە مەترسیی تێرۆریزمی حکوومەتی ئیسلامی،

ـ هەروەها جێگەیەک بۆ هاتوچۆ و سەردانە ئاساییەکانو

ـ وەرگرتنو ئامووزشی ئەوانەی دەهاتنە نێو ریزەکانی خەباتەوە.

ئێستاش تەنانەت کە خەباتی چەکدارانە لە گۆڕێ دا نیە ئەم بارەگایانە ئەم ئەرکانە هەر بەڕێوە دەبەن. راستە ئێستا لایەنی نیزامیی خەبات دەوری سەرەکیی خۆی لەدەست داوە و ئەم هێزانە زیاتر لە جاران بۆ کاری سیاسیو راگەیاندن ـ بە تایبەتی تەلەڤزیۆن ـ تەرخان دەکرێن، بەڵام بەو حاڵەش بوونی ئەم « کەمپانە» بۆ دابینکردنو دەستەبەرکردنی کاری چەند لایەنەو بەردەوامو وردی سیاسیو پاراستنی پێوەندیی سیاسی، پێرسۆنێلیو رێکخستن لەگەڵ نێوخۆ پێویستە. دەکرێ پێوەندییە نێوخۆییەکانیان بەم جۆرە یان بەو جۆرە باشتر بکرێ، بەڵام ئاڵتێرناتیڤو بەربژێرێکی دیکە بۆ ئەوان بەدی ناکرێ. داخستنی ئەم « کەمپانە» زیانێکی جیددی بە کاری سیاسیی ئەوان دەگەیەنێ. دیتمان کەسانێک بۆ وەڕێخستنی « شۆرشی جیهانی» لە دژی « کەمپنشینی» راپەڕینو کۆچیان فەرموو بۆ ئورووپا، بەڵام هێندەی پێ نەچوو پەژیوان بوونەوە، بەڵام ئیدی رێگایەکیان بۆ گەڕانەوە نەبوو. حیزبە کوردستانیەکان ناتوانن ئەوا نامەسئوولانە بجووڵێنەوە. رێکخستنی خەبات لە ئورووپاوە ئیمکانی نیە. زۆرن ئەو چالاکانەی کە لە نێوخۆی ئێران لە باری سیاسییەوە لەژێر چاوەدێری دانو بە ناچاری وڵات بەجێ دێڵنو هەر لەم بە قەول «کەمپانە»دا دەرفەتی زیندوو مانەوە، ژیانو خەباتو گەشەکردنی سیاسییان بۆ هەڵ دەکەوێ. نەبوونی ئەم بارەگایانە لە پەنا وڵات نەک هەر ئەم دەرفەتەو ئەم پەناگەیە لە چالاکانو ئۆگرانی سیاسی دەستێنێ، بەڵکوو لە داهاتوودا دەتوانێ ناڕاستەوخۆ نوشوستی خەباتی سیاسییشی لە نێوخۆ دا بەدواوە بێ، چونکە ئەگەر ئاشکرا بنو بکەونە ژێر ئەشکەنجە دەبنە نێچیری رێژیمی تینووی مەرگ. لەسەرەوە لەرووی ئەمنییەتی گیانیی هێزەکانی ئەم حیزبانە ئیشارە بە رۆڵی ئەم بارەگایانە کرا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم راستییە کە حکوومەتی ئیسلامی تا ئێستا سەدان کەس لە ئەفرادی ئەوانی تێرۆر کردوەو تەنانەت ژمارەیەکی رفاندوون، نەبوونی ئەم بارەگایانە زیاتریش پەرە بەو تێرۆرانە دەدا، پێداگرتنەوەی دووبارە لەسەر ئەوە زیاتر پێویستە.

هەڵەی رەخنەگرەکان لە باری نێوەڕۆکەوە. لەپێشدا دەبێ بزانین کە رەخنەگرانی « کەمپنشینی» لە سێ لایەنی جۆراوجۆرو دژبەیەکەوە پێک دێن.

١ ـ روانگەی حکوومەتی ئیسلامی روونوئاشکرایە: ئەو حیزبە کوردستانیەکانی ئێران بە هەق بە مەترسییەک بۆدرێژەدان بە دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەو کۆنەپەرستانەی خۆی دەزانێ. بۆیە لانی کەم لە پێنج رێگاوە هەوڵ دەدا هەرچی لە توانای دایە بەکاری بێنێ تاکوو کۆتایی بە ژیانی سیاسیو تەشکیلاتی ئاشکرای ئەم حیزبانە لە کوردستانی عێراق بێنێ کە بریتین لە: بەکارهێنانی پیاوەکانی خۆیو هاوبیرەکانی لە عێراقدا، هێنانی فشاری بەردەوام بۆسەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەکارهێنانی تێرۆر، هێرشی نیزامیو سەرەنجام بە یارمەتیی «سەربازانی بێ ناوونیشانی ئیمامی زەمانەکەی» کە بە ناوی خۆیان یان بە ناوی خوازراوەوە لە ئینتێرنێتدا قەڵەمی بۆ دەگێڕنو جاری وایە تەنانەت لەژێر پەردەی دیفاع لە مەدەنییەتو بزووتنەوەی کوردستاندا هێرش دەکەنە سەر « کەمپنشینی».

> **روانگەی حکوومەتی ئیسلامی روونوئاشکرایە: ئەو حیزبە کوردستانیەکانی ئێران بە هەق بە مەترسییەک بۆدرێژەدان بە دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەو کۆنە پەرستانەی خۆی دەزانێ. بۆیە لانی کەم لە پێنج رێگاوە هەوڵ دەدا هەرچی لە توانای دایە بەکاری بێنێ تاکوو کۆتایی بە ژیانی سیاسیو تەشکیلاتی ئاشکرای ئەم حیزبانە لە کوردستانی عێراق بێنێ**

٢ ـ ئەو رەخنەگرانەی کە لە روانگەی بردنە ژێر پرسیاری پێوەندییە نێوخۆییەکانیانەوە و داکۆکی لە دەستپێکردنی سەرلەنوێی شەڕێکی نیزامیی بەربڵاوەوە کێشەیەیان لەگەڵ « کەمپنشینی» هەیەو پێیان وایە ئەمە بۆتە هۆی دابەزینو چەقبەستوویی‌و بە کۆسپی سەررێگەی درێژەکێشانو گەشەکردنی بزووتنەوەی کوردستانی دەزانن. دیارە ئەم دیاردەی «کەمپنشینی»یە ئاکامی خراپیشی هەیە. کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان، هەرکات پێوەندییەکانیان بەرتەسکو چروپر بێوڵە چوارچێوەیەکی جوغرافیایی ئاوا تەسکدا بن، هەمیشە بەدوور لە کێشە نین. جگە لەمەش لە پێوەندی لەگەڵ ئەم «کەمپانە»دا دەبێ ئەوەش زیاد بکەین کە تاکەکانیان زۆربەی لە شارو ژینگەی فەرهەنگیی جیاوازەوە پێک هاتوون. هیوای ئەوان رزگاریی هەرچی زووتری خەڵکەکەیان لە ژێر چۆکی کۆنەپەرستیو سەرەڕۆییە. هێندێکیان ـ ئەگەر پێیان وابێ وەدیهاتنی ئەم ئامانجانە ئیمکانی نیە ـ هومێدیان دەگۆڕێ بۆ ناهومێدیو تووشی قەیرانی فکری دەبن. ئاشکرایە کە ئەم شتە [ ئەگەر ] لایەنی بە کۆمەڵیش بە خۆیەوە بگرێ هێندێک کێشە دروست دەکا. هەروەها لە پێوەندی لەگەڵ ئەم «کەمپانە»دا ئاژاوەی بە ئەنقەستی حکوومەتی نابی محەممەدی لەم جۆرە شوێنانەدا لە رێگەی مۆرە نفووزییەکانیەوە نابێ لەبیر بکەین. ئەم مەسەلەیە بۆ خودی حیزبەکانیش روونە، ئەدی ئەوە نیە ئەوانە زیاتر لە سی ساڵە لەگەڵیەکێک لە دزێوترین حکوومەتەکانی جیهان لەشەڕدان. بەڵام ئەوە کە ئەم « کەمپانە» هۆی دابەزینی بزووتنەوەی کوردی بووە، بێ ئەملاو ئەو لا بە هەڵە دەزانم. ئەم دۆستانە بزووتنەوەی کوردستان تا ئاستی لایەنە نیزامیەکەی دێننە خوار، لە حاڵێکدا دەزانین کە ئەسڵی خەباتو بەرەبەرکانیی خەڵک مەیدانو بواری غەیرە نیزامی ( مەدەنی ) یە کە لەگۆڕێ دایە. ئەمن بۆ نموونە لە وتووێژی « بەرزەخی خەباتی سیاسی لە دۆزەخی حکوومەتی ئیسلامی‌دا « بە دووروودرێژی نووسیومە کە لە روانگەی منەوە شەڕی چەکدارانە لە هەلومەرجی ئێستادا نە دروستەو نە دەکرێ. بوونی ئەم بارەگایانەش بە دژی ئەمە نازانم. کام نەتەوەو دەوڵەت لەم دنیایەدا هەیە کە خاوەنی جبەخانەو ناوەندی جۆراوجۆری نیزامی نەبێ؟ بەڵام لە کام یەک لەو نەتەوەو دەوڵەتانەدا بوونی ئەم ناوەندانە واتای ئەوە دەدا کە شەڕ دەست پێدەکا؟ خەڵکی کوردستان پێویستە ئاستی خەباتی خۆی لەگەڵ باقیی خەڵکی ئێران رێک بخاو لە هەلومەرجی ئێستادا خەڵکی ئێران ـ ئێستا بە هەر هۆیەک بێ ـ بۆ بەرەوڕووبوونەوەیەکی فیزیکی لەگەڵ حکوومەتی ئیسلامی نەهاتوونەتە مەیدان. بەڵام دەزانین کە ئەمە درەنگ یان زوو روو دەدا. بۆئەو کاتە دەبێ کادری سیاسیو نیزامی پەروەردە بکرێ، تاکوو کوردستان لە بەرامبەر هێرشی دەسەڵاتدارندا بێ چەک نەبێ.

٣ ـ دیتراوە کە فلان یان فیسارە چاوەدێریش بە شێوەی پچڕپچڕ بەڵام لە درێژماوەدا، جاری وایە لەروانگەی دژایەتی لەگەڵ خەباتی چەکدارانەداو جاری واشە بە رواڵەت گاڵتە بە خەباتی سیاسیو کاری راگەیاندن دژایەتی لەگەڵ «کەمپنشینی» دەکەن (ئەویش نەک «کەمپنشینی»ی هەموو لایەک، بەڵکوو حیزبێکی دیاریکراو). قسەکانیان ناڕوونو قەڵسە گێڕانە ( هیستریک)نو ئەگەر لە باشترین حاڵەتدا لە رووی بەدبینییەوە سەیریان نەکرێ، دەتوانین بڵێین کەموکوڕییەکی زۆریان پێوە دیارەو جاری وایە ـ تەنانەت ئەگەر بە ئەدەبیاتێکی جوانیش نووسرابن ـ لە رووی ئیستیدلالو راوێژەوە تا رادەیەک جیددی نین، بە چەشنێک کە دەتوانن بە ناهەق ئانتی یاتی لە گوێگر دا پێک بێنن. « بە ناهەق» چونکە بۆخۆم هێندێکیان دەناسم بە مەتانەتو سەنگینییان دەزانم. هەرچۆنێک بێ لەم جۆرە باسانەدا نەک باسی هۆیەکان بەڵکوو باسی هۆگرەکان دەکرێ. باش دەزانین کە دیاردەی بە ناو «کەمپنشینی» ـ هەروەک لە سەرەوە باسی کرا ـ ئاکامی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران دایە. کام ئەقڵێکی سەلیم هەیە کە بە پێخۆشبوونی خۆی ئەم جۆرە ژیانە سیاسییە بۆخۆی هەڵ بژێرێ؟! بۆیە جێی خۆیەتی ئەو پرسیارە بێتە گۆڕێ کە: بۆچی مەسەلە سەرەکیەکە ـ واتە داخراویی پێکهاتەی سیاسی و قەدەغەو قۆرغو قەڵتوبڕکردنی حیزبە سیاسییەکان لە وڵات دا ـ لەگەڵ بەرەبەرەکانیی لیبراوانە، جیددیو شەفاف ( هەر نەبێ بە گاڵتەو پێکەنین ) بەرەوڕوو نابێ؟! جاری وایە لەو باسانەدا تەنانەت ئەو گومانە دێتە پێش کە رەخنەگرتن لەم دیاردەیە جاری وایە تەنیا بیانوویەو مەسەلەی سەرەکی دژایەتی لەگەڵ ئەم یان ئەو رێکخراو، یان کەسایەتییەیە بە هەر نرخو بەهەر بیانوویەک بێ، بە تایبەتییش کە رەخنەکان مەبەستی دیاریکراو ( selectively ) یان لە پشتە. دەزانین کە هەموو حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە هەلومەرجێکی ئەوتۆ دان بێ جیاوازی، بەڵام دەبینین نووکی هێرشەکە بۆسەر ژمارەیەکی زۆر کەم بە تایبەتی یەکێکیانە. ئەمەش هێندێک گومان لە بارەی مەبەستو مەرامی واقعیی ئەوان پێک دێنێو لە پلەی جیددی بوونو کەلکی ئەم رەخنانە کەم دەکاتەوە. رۆژێک «پاشگەزبوونەوەی سیاسی» وەک تاوانێکی نەبەخشراو دەبێتە بابەتی باسوخواس ، رۆژێکی دیکە «نەبوونی جیدییەتی سیاسی» دەبێتە مشتومڕ و ئەمڕۆش «کەمپنشینی» و «زستانی کەمپنشینی» بۆتە بابەتی تەنزو لێکدانەوە! بەڵام ئەوشتەو ئەو کەسەی لە هەموویان دا دەکەوێتە ژێر پرسیار تاقە لایەنێکو تاقە کەسێکەو بەس. دیارە دەشزانین کە هونەرو تێگەیشتنی واقعی هەر تەنیا لە رەخنەگرتندا نیە بەڵکوو زیاتر لە ئاڵتێرناتیڤو رێگا چارەدایە، لە حاڵێک لەم جۆرە لێکدانەوانەدا رێگای زاڵبوون بەسەر ئەو دیاردەیەی دەکەوێتە بەر رەخنە ناخرێتەروو. بۆ نموونە باسی ئەوە ناکرێ کە ئەگەر بە قەولی ئەم دۆستانە «کەمپنشینی» کەموکووڕیی هەیەو جێی لۆمەکردنە، ئەدی مۆدێلی پێشنیارکراوو شیاوی ئافەرین بۆ حوزوورو ژیانی سیاسی لە روانگەی ئەوانەوە کامەیە، داخستنی بە قەولی ئەوان ئەم «کەمپانە» و چوون بۆ ئورووپایە یان چوونەوە بۆ باوەشی «پڕ لە بەزەیی» حکوومەتی ئیسلام؟!.

سەرەنجام ئەوەکە هۆیەکی دیکە کە لە عەینییەتگەراییو بێلایەنیو بێ غەرەزیو ئینسافی ئەم رەخنانە بە رادەیەکی زۆر کەم دەکاتەوە و لایەنی زەینیو یەکلایەنیو مەبەستدار بوونیان زیاتر دەکا، ئەوەیە کە هێندێک لەو رەخنەگرانە وەبەرچاو گرتنی مەسئوولانەو ئاقڵانەی هەلومەرجی کوردستانی عێراق لەلایەن ئەم حیزبانەوە بە نیشانەی «پاسیڤ بوون» و «لاوازی» دەزاننو ناردنەوەی نامەسئوولانەی هێزی نیزامی لەلایەن رەوتی دیکەوە بۆ نێو کوردستانی ئێران بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەم هەلومەرجە بە نیشانەی « توانایی» دەزانن، ئەویش بەبێ سەرنجدانی پێویست بە ئاکامەکانی ئەم جۆرە مێتۆدوکردەوانەی کە تا ئێستا بۆ خۆیانو بۆ کوردستانی ئێرانو کوردستانی عێراقو ناوچە بە دیاریان هێناوە.

لەگەڵ هەموو ئەو کەموکوڕیانەدا ئەم باسانە لایەنی موسبەتیشیان هەیە، ئەویش دەگەڕێتەوە سەر خودی رەخنە: رەخنە لە رەوتە سیاسییەکانو نیهادینە بوونو ئاسایی بوونی ـ با لەوە گەڕێین چەندە دروستە یان نادروست ـ یارمەتی بە گەشەکردنی ئەندیشەی سیاسیو نەمامی دیموکراسیی نێوخۆی بزووتنەوەی کوردستانو بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاریو ئۆگریی سیاسی ( Political sensitivity ) دەدا. یەکێک لە ئاکامەکانی ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە رەخنەگرانەو کێشە خوڵقێنەیە ـ لە نەبوونی پێکهاتەیەکی سیاسیی دیموکراتیک لە ئێراندا ـ پێکهاتنی جۆرێک ئۆپۆزیسیۆنی رێک نەخراو، بەڵام گرنگ، بۆ حیزبە سیاسییەکانە. ئەمە لەخۆی دا بە سوودی خودی حیزبەکانیشە، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی کە لەم رەخنانەدا لەلایەک جۆرێک مەشروعیەتدان بەوانو بە رەسمی ناسینی ئەوانو لەلایەکی دیکەوە غەمخۆریو دڵسۆزیی رەخنەگران بۆ ئەوانی تێدا شاراوەیە. جگە لەوەش ئەم کارە ـ بتەوێ، نەتەوێ ـ مەترەح بوونی زیاتری ئەوان لە بیروڕای گشتیدا بەدواوە دەبێ. هەروەها لەم باسانەدا هەرچۆنێک بێ زۆرجار باسی کێشەگەلێک دەکرێ کە بەڕاستی هەن. بۆیە ئەمانە دەتوانن بە سوودو بەکەلک بن ئەگەر مەبەستێکی تایبەتیان لەپشت نەبێو ئامانجدارو بێلایەنو سیستماتیکو قووڵ بنو لە خزمەتی رێگاچارە بۆ ئەم کێشانەدا بن. کەوابوو روونو ئاشکرایە کە ئەم لایەنە موسبەتەی مەسەلەکە لەلای نووسەر جێی رەخنە نیە. هیچ کەسو هێزێک نابێ دوور بێ لە رەخنە لێگرتن.

ئەڵمان، ٥ی سێپتەمبری ٢٠١١

# ناسیۆنالیزمی ئازەری

سامان فەقێ نەبی

ئازەرییەکان یەکێک لە پێکهاتە هەرە گرینگەکانی ئێرانییەکان بە ئەژمار دێن کە لە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتی ئێراندا لەم چەند سەدەیەی رابردوودا خاوەن دەورێکی بەرچاو بوون. لە مێژووی هاوچەرخی ئازەربایجان دا بە پێی ئاڵوگۆڕەکانی ئێران و ناوچە، گوتارگەلێکی جیاواز بیچمیان گرتوە کە گوتاری نەتەوەیی و شوناسخوازیی لەم چەند دەیەی رابردوو، بەتایبەت دەیەی ئێستا، بە زاڵترین گوتار دەژمێردرێ.

لەم نووسینەدا هەوڵ دراوە کە هۆکارەکانی گەشەی هەستی نەتەوەیی و شعووری شوناسخوازیی لە ئازەربایجان (مەبەست ئازەربایجانی ئێران) دەستنیشان بکرێن و پاشان دەرهاویشتە و نیشانەکانی ئەم گەشەیە بخرێتە بەرچاو و لە کۆتاییدا تایبەتمەندییەکانی ناسیۆنالیزمی روو بە گەشەی ئازەری لێکدانەوەی لە بارەوە بکرێ.

**هۆکارەکانی گەشەی هەستی نەتەوەیی لە ئازەربایجان:**

**١ـ کەم رەنگ بوونی دەوری مەزهەبی شیعە:**

حاشاهەڵنەگرە کە دامەزراندنی دەوڵەتی شیعە مەزهەبی سەفەوی لەسەر دەستی ئازەرییەکان کە تێیدا بۆ جاری یەکەم دوای هاتنی ئیسلام، خەڵکانێک کە لە چوارچێوەی جوغرافیای ئێراندا دەژیان، دیسان بوونەوە خاوەن دەسەڵاتێکی خۆماڵی کە مەزهەب و ئیدئۆلۆژییەکی جیاواز لەگەڵ موسوڵمانانی دیکەی ناوچە، بەتایبەت عەرەبەکان و تورکەکانی عوسمانی، بۆ ئێرانییەکان بەدیاری هێنا یەکێک لە لاپەڕەکانی مێژووی ئازەرییەکان دێتە ئەژمار.

موزهەبی شیعە ئاڵقەیەکی بەهێز بووە کە ئازەرییەکان لە رابردوودا بە بەهۆی ئەوەوە خۆیان دەروەستی ناوەندی دەسەڵاتداریێتیی لە ئێراندا زانیوە و پاڵنەری دوورکەوتنەوەی ئەوان لە ناوەندی لاوازکرد و دەکرێ بڵێین کە مەزهەبی شیعە تەنانەت لە مێژووی هاوچەرخیشدا رۆڵێکی نێگەتیڤ و وێرانکەری لەمەڕ گەشەی ناسیۆنالیزمی ئازەری لە ئێراندا گێڕاوە. بەڵام هاتنە سەرکاری حکوومەتی مەزهەبیی کۆماری ئیسلامی و کارنامەی پڕ لە هەڵاواردنی نەتەوەیی لە سایەی دەسەڵاتێکی شیعە مێحوەری وەها دا، ئیتر وای کردوە کە گرێدانەوەی مەزهەبی چیتر وەک رابردوو جەزابییەتی بەلای ئازەرییەکانەوە نەبێ. کاڵبوونی دەوری مەزهەبی شیعە بە بەراورد لەگەڵ رابردوو و لە ئاکامدا هێنانەخواری ئینتمای ئازەرییەکان بۆ دەسەڵاتی ناوەندیی فارس مێحوەر، مژارێکە کە زۆربەی چالاکانی ئازەری بە گەشبینی یەوە سەیری دەکەن.

**٢ـ سەربەخۆیی وڵاتی ئازەربایجان:**

رووخانی یەکیەتیی سۆڤییەت کە ئازەربایجان بەشێک بوو لە پێکهاتەی ئەو یەکیەتییە و بە سەربەخۆیی گەیشتنی ئازەربایجان بوو بە هۆکارێک کە لە گەشەی هەستی نەتەوەیی ئازەرییەکان لە ئێراندا جێ پێی بەرچاوی هەبێ. لەراستیدا ئەگەر لە دەیەکانی رابردوودا بەردەوام هزر و ئیدئۆلۆژیی چەپی و سۆسیالیستی لە ئازەربایجانی باکوورەوە بۆ ئازەربایجانی ئێران دەگوازرایەوە و پێوەندی گوتاری لە نێوان ئەم دوو بەشەی ئازەربایجان زیاتر خۆی لە گوتاری سۆسیالیستی و چەپی دا دەدیتەوە، ئیتر پاش رووخانی بلۆکی چەپ و سەربەخۆیی ئازەربایجان، ئەم هاوخەمی پێوەندییە گوتارییە، گوازرایەوە بۆ هزر و ئەندێشەی نەتەوەیی و شوناسخوازیی. کاریگەریی گواستنەوەی هزری نەتەوەیی لە ئازەربایجانی باکوورەوە بۆ ئازەربایجانی ئێران وایکردووە کە دەسەڵاتی ناوەندی لە ئێران لە پەرچەکردار دا هەوڵ بدا کە ئەویش ئیدئۆلۆژیی ئیسلامی بۆ باکو پێتەختی ئازەربایجان هەنارده بکا. ئەم مەسەلانە لەم ساڵانەی دواییدا هێندێک جار حاڵەتی بارگرژی لە نێوان ئەو دوو وڵاتە ساز کردوە. بەڵام ئەوەیکە روونە ئەوەیە کە چالاکانی ئازەری لە ئێران بە گەشبینی یەوە چاو لەە مەسەلەیە دەکەن.

**گەشەی ناسیۆنالیزمی کوردی و هەستیاریی ئازەرییەکان:**

ناسیۆنالیزمی کوردی لەو ناوچانە کە کورد و ئازەری هاوسێی یەکترن، بەردەوام لە لایەن ئازەرییەکانەوە بە گومانەوە سەیە کراوە و ئەمەش بۆتە هۆکارێک کە ناسیۆنالیزمی ئازەری لەو ناوچانە بە بەراورد لەگەڵ شوێنەکانی دیکەی ئازەربایجان زیاتر خۆی بنوێنێ. هێندێک ناوچەی «موکریان» لە روانگەی ئازەرییەکانەوە زدی ئەوان بووە کە بەهۆی کۆچی بەلێشاوی کوردەکان لە رابردوو و ئێستادا باری دێمۆگرافیایان گۆڕاوە و ئێستا بە کوردنشین لە قەڵەم دەدرێن! لە راستیدا ئەم سهەستیارییەی ئازەرییەکان لەم ناوچانە جێگای تێڕامانە و پێدەچێ ئازەرییەکان بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو سووکایەتی و شکستانەی لە بەرامبەر ناسیۆنالیزمی فارس دا تووشی هاتوون، هەوڵ دەدەن لەسەر هێندێک واقعیی روون و عەینی لەگەڵ کوردەکان گرژی بهێننە ئاراوە تاکوو هەستە سەرکوتکراوە نەتەوەییەکەیان لەو ڕێگایەوە دابمرکێنن. تەنانەت هێندێک کردەوەیان جێگای سەرسووڕمانە. بۆ وێنە هەر لە سەردەمی سەکۆماریی «محمد خاتمی»یەوە کە دەنگۆی پێکهێنانی پارێزگای موکریان هاتە ئاراوە، تاکوو ئێستاشی لەگەڵدابێ دژایەتییان نیشان داوە و بە پارچە پارچە کردنی ئازەربایجانیان لە قەڵەم داوە! تەنانەت لە بەیاننامەی شورای هاوئاهەنگیی چالاکانی میللیی ئازەربایجان لە مەڕ هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی سەرۆک کۆماریی لە یەکێک لە ٦ خاڵە سەرەکییەکاندا کە رووبەڕووی کاندیدەکانیان کردبۆوە، خوازیاری راگرتنی سیاسەتی گۆڕانی پێکهاتەی دێمۆگرافیی رۆژئاوای ئازەربایجان (مەبەست موکریان و ورمێ) بوون!

بەهەر حاڵ دژکردەوە و هەستیاریی ئازەرییەکان لەو ناوچانەی کە هاوسێی کوردستان بە ئەژمار دێن، هۆکارێکی بەهێز لەمەڕ گەشەی هزری نەتەوەیی (هەرچەند لەم باوەڕەوە زیاتر باری نێگەتیڤ و هێرش بەرانەی دژ بە کورد تێدا دەبینرێ) لەو ناوچانەیە. ئەم حاڵەتە لە شارەکانی نەغەدە، ورمێ، خۆی، سەڵماس و ماکۆ بە ئاشکرا خۆی دەنوێنێ و هەستی نەتەوەیی ئازەرییەکان لەم شارانە بە بەراورد لەگەڵ شارەکانی دیکە لە سەرتر دێتە بەرچاو.

**دەرهاویشتە و نیشانەکانی گەشەی گوتاری نەتەوەیی لە ئازەربایجان:**

لەم ساڵانەی دواییدا کە گوتاری نەتەوەیی بۆتە گوتاری زاڵ لە ئازەربایجاندا، دەکرێ لە چاوپێداخشاندنێکی مەیدانی دا گەلێک شێوازی نوێ دەستنیشان بکەین کە تەنانەت خەڵکی ئاسایی ئازەریش هەوڵ دەدەن لە چوارچێوەی ئەم دەرفەتانە شوناسی نەتەوەیی خۆیان دەربخەن کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەکرێ:

!ـ تیمی تۆپی پێی تراکتۆر سازیی تەورێز: بەشداریی بەرینی لاوانی ئازەری لە یاریگاکان و پشتیوانی دەربڕین بۆ تیمی تراکتۆر سازیی بووە بە یەکێک لە شێوازە گرینگەکانی




نواندنی شوناسی نەتەوەیی لە ئازەربایجاندا. لەو یاریگایانە لاوانی ئازەری بە نیشاندانی قامکەکانی دەست بە شێوەی سەرەگورگ، هەوڵ دەدەن کە هەستی نەتەوەییان دەربخەن. هەڵبەت گەرایش بۆ هزری «گورگە بۆرەکان» لە زۆر بواری دیکەدا لەنێو لاوانی ئازەریدا خۆی دەنوێنێ کە رازاندنەوەی لاپەڕەی یەکەمی سایتەکان و وێبلاگەکان و فێیس بووکەکان بۆ وێنەی گورگ لە دیارترینیانە. هەرتوەها بەشێک لە لاوانی ئازەری لە ملوانکەگەلێک کەڵک وەردەگرن کە بە وێنەی گورگ نەخشێندراوە و بۆ خاڵکوبیش هەر وێنەی گورگە کە لە سەر بەشێک لە جەستەیان داکوتراوە...

٢ـ نارەزایەتیی دژ بە سووکایەتیی بە ئازەرییەکان: لەم ساڵانەی دواییدا زۆر جار ئازەرییەکان دژکردەوەی توندیان لە هەمبەر سووکایەتیی پێکردنیان لە لایەن نەتەوەی باڵادەستەوە نیشان داوە کە زەقترینیان نارەزایەتییەکانی سەر شەقامی شارەکانی ئازەربایجان دژ بە سووکایەتییەک بوو کە لە رۆژنامەی دەوڵەتیی «ئێران» بە ئازەرییەکان کراو تێیدا ئازەرییەکان بە «قالۆنچە« شوبهێندران. هەروەها زۆر جاری دیکەش لە هەمبەر دەنگ و رەنگی فەرمیی کۆماری ئیسلامی نارەزایەتییان دەربڕیوە کە لە هێندێک درامای تەلەڤیزیۆنی دا، کەسایەتیی ئاکتەرە گێلەکان وەک کەسایەتیی ئازەرییەکان نیشان دراوە.

٣ـ رێوڕەسمی قەڵای بابەک: زۆربەی جەماوەری شوناسخوازیی ئازەربایجان هەموو ساڵێک لە مانگی پووشبەڕدا، رۆژێک دیاری دەکەن بۆ چوون بۆ شوێنەواری مێژوویی قەڵای «بابەک خورەمدین» و لە میانەی ئەو کۆبوونەوە جەماوەرییەدا بە وتنەوەی درووشمی نەتەوەیی تەعبیر لە بوونی خۆیان وەک نەتەوەیەکی جیاواز دەکەن. لەم رێورەسمانەدا تەنانەت ئاڵای ئازەربایجان دەدیترێ و هێندێک لە لایەنگرانی دوکتور «مەحموود عەلی چێهرەگانی» رێبەری حیزبی (بیداری ملی آذربایجان جنوبی) وێنەی ناوبراو بە دەستەوە دەگرن. سایانی باسە کە رێکخراوی «گاموح» ئامانجی ستراتژیکی خۆی دیاری کردنی مافی چارەنووسی نەتەوەیی دەزانێ.

٤ـ بەرێوەبردنی مەزهەبی بە زمانی ئازەری: لەم ساڵانەی دواییدا تەنانەت توێژە نەریتی و مەزهەبی یەکەنی ئازەربایجانیش هەوڵیان داوە کە نۆحە و رێوڕەسمەکانی مەزهەبی شیعە نەک بە امانی فارسی بەڵکوو بە زمانی ئازەری بخوێننەوە. لەراستیدا ئەم دەرفەتە تێچوویەکی بۆ ئازەرییەکان نییە و دەسەڵاتی ناوەندیش ناتوانێ بە هیچ بیانوویەک پێش بەو رێورەسمانە بگرێ و هەستی مەزهەبیی ئازەرییەکانیش بخاتە دژایەتییەوە...

**تایبەتمەندییەکانی ناسیۆنالیزمی روو بە گەشەی ئازەری:**

**١ـ دژکردەوەیی بوون:**

ناسیۆنالیزمی ئازەری زۆربەی کات تایبەتمەندیی دژکردەوەیی لەخۆگرتوە. دژکردەوە لە بەرامبەر تەحقیر و سووکایەتییەک کە بەردەوام لە لایەن ناسیۆنالیزمی فارسەوە رووبەڕووی کراوەتەوە. سووکایەتی بە ئازەرییەکان لە کاتی پرۆژەی «یکسان سازی و زبان یگانە« لە لایەن دەسەڵاتی رەزاشای پەهلەوییەوە بە پاڵپشتی فەرمی دەسەڵاتەوە دەست پێدەکا و تاکوو ئەمڕۆش (هەڵبەت ئێستا بەشێوەی ناڕاستەوخۆ) درێژەی پێدراوە. لە سەرەتای ئەو رەوتەدا کەسانێک وەک «مەحموود ئەفشار» بە دەرکردنی گۆڤاری «آیندە« و کەسانێک وەک «محەممەد عەلی فروغی» و «وثوق الدولە« لە رێگای کومیسیۆنیجوغرافیا سەر بە «فرهنگستان ایران»، وەردەگێرن. شایانی باسە کە تەنانەت هێندێک رووناکبیری ئازەریش وەک «ئەحمەد کەسرەوی تەورێزی» و «محەممەد قەزوینی» راستەوخۆ یارمەتی بەو رەوتە دەدەن کە رووناکبیرانی فارس نەخشەیان بۆ دارشتبوو. کەسرەوی لە نووسراوێک «آذری یا زبان باستان آذربایگان» زمانی ئازەری بە زمانێک لە قەڵەمدەدا کە لە سەدەی ٨ی کۆچی یەوە زمانی تورکی لە ئازەربایجان سڕاوەتەوە. (بەو پێیە ئازەری ناکرێ بە تورک لە قەڵەم بدرێن). ئەم بۆچوونە کاکڵی دژایەتیی ناسیۆنالیستە فارسەکان دژ بە باسیۆنالیزمی ئازەری پێکدەهێنێ، بۆچوونێک کە ئازەرییەک خۆی هێناویەتە ئاراوە.

بەهەر حاڵ تەحقیر و سووکایەتی دژکردەوەش بهدوای خۆیدا دێنێ کە ئەم دژکردەوەیە لە قۆناغی ئێستادا کە گوتاری شوناسخوازیی و نەتەوەیی بۆتە گوتارێکی بەهێز لەنێو ئازەرییەکاندا، زیاتر بەدیی دەکرێ. دژکردەوە لە بەرامبەر تەحقیر بە یەکێک لە هاندەرە سەرەکییەکانی ناسیۆنالیستە ئازەرییەکان دادەنرێ کە تا دێ زیاتر دەبێ. ئەم حاڵەتە لە لایەن شوناسخوازە ئازەرییەکانەوە بە «مرحلە خودآگاهی» تەعبیر کراوە.

**٢ـ کاریگەریی وەرگرتن لەو بیروباوەڕانە کە هاوردەیین (افکار وارداتی):**

ناسیۆنالیزمی ئازەری لە ئێران گوتارێکی تا رادەیەک نوێ و تازەیە، هەر بۆیە ناسیۆنالیزمی ئازەری لە کۆماری ئازەربایجان و هەروەها ناسیۆنالیزمی تورکی لە کۆماری تورکیە و ناسیۆنالیستەکانی ئەم دوو وڵاتە کاریگەریی بەرچاویان لەسەر ئازەربایجانی ئێران و گوتاری ناسیۆنالیستی ئازەری لە ئێران هەیە. ئەم بیروباوەڕانەی کە لەو دوو وڵاتە بۆ ئازەربایجانی ئێران هەنارده (صادر) دەکرێن، لە قۆناغی ئێستادا بە زەقی بەرچاو دەکەون. ئەمڕۆکە ناسیۆنالیستەکانی ئازەربایجانی ئێران خۆیان لە دوو دەستەدا پێناسە دەکەن؛ دەستەیەک کە خۆیان بە سەربەخۆ و بە دوور لەو بیرە هاوردەیانە لە قەڵەم دەدەن و دەستەیەک کە پاڵپشتی لەو هزرە هاوردەیانە دەکەن و هەوڵ دەدەن کە بە شێوەیەکی بەربڵاو ئەم بیروباوەڕانە لە ئازەربایجانی ئێرانیش برەویان پێبدرێ. زەقترین جۆری ئەم بیروباوەڕانە کە لە تورکیە و وڵاتی ئازەربایجان هەناردەی ئازەربایجانی ئێران کراوە، بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا، ئەندێشەی بۆزقوردەکان یا هەمان گورگە بۆرەکانە.

**دەرئەنجام:**

لە پۆلێن بەندییەکی گشتی دا دەتوانین چالاکانی سیاسی و بەشێک لە جەماوەری شوناسخوازی ئازەربایجان بە ٢ گرووپ دابەش بکەین، فێدرالیست و سەربەخۆیی خواز. لایەنە فێدرالیستەکان زۆربەی ئەو گرووپ و کۆمەڵانەن کە بە شێوەی فەرمی یان نافەرمی لە نێوخۆی وڵاتدا چالاکیی دەکەن کە بەیاننامەی ژمارە ٣ی «شورای هماهنگی فعالان ملی آذربایجان در خصوص انتخابات ریاست جمهوری» ویست و داواکارییەکانی ئەو لایەنانە بە روونی بەرجەستە دەکا.

لایەنە سەربەخۆیی خوازەکان لە دەرەوەی وڵات یەکگرتووییەکی ئەوتۆیان تێدا بەدیی ناکرێ. بەشێک کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی هزری گورگە بۆرەکان و بەشێکیش ئەم هزرە بە هزرێکی هاوردەیی تورانیستەکان لە قەڵەم دەدەن، کە لەگەڵ مێژوو و فەرهەنگی ئازەرییەکان لە ئێراندا نامۆیە. بەڵام خاڵی هاوبەشی سەرجەم ئەو گرووپە سەربەخۆییخوازانە پێڕەوی لە ئیرادەی نەتەوەی ئازەری لە داهاتوودایە.

بەڵام ئەوەیکە لەم نێوەدا بۆ چاوەدێرێکی بێ لایەن جێگای سەرنج و وردبوونەوەیە، بریتی یە لەوە کە بزاڤی نەتەوەیی لە ئازەربایجان بە پێچەوانەوی ٣ دەیەی پێش ئێستا، هەنووکە قۆناغی وەخۆهاتنەوە و وشیاری تێپەڕکردوە و ئەو پۆتانسیەلەی تێدا دەبینرێ کە لە داهاتوودا وەکوو یەکێک لە لایەنە هەرە گرینگەکانی ساحەی سیاسی ئێران بەهۆی زاڵبوونی گوتاری نەتەوەیی و شوناسخوازییەوە ببێتە یەکێک لە ئاکتەرە سەرەکییەکانی ئاڕایشی سیاسی دوارۆژی ئێران. بە پێی دۆخی داخراوی زاڵ بەسەر فەزای سیاسیی ئێران و ئازەربایجان لە قۆناغی ئێستاشدا، ناسیۆنالیزمی روو بە گەشەی ئازەری بە تەواوەتی تەرکیزی خستۆتە سەر مەسەلەی زمانی دایک. لە راستیدا ئەم تاکتیکە بەرهەمی لێکدانەوەی رێئالیستی بەشێکی بەرچاو لە چالاکانی ئازەرییە لەم قۆناغە هەستیارەدا و ویستێکە بە کەمترین تێچۆوە و دوور لە هەرچەشنە ئانارشیزم گەراییەک.

# چاوخشاندنێک بەسەر بۆچوونەکانی سیمۆن دوبۆڤواردا

وەرگێڕان لە فارسییەوە: حەلیمە رەسووڵی

بەشی دووهەم و کۆتایی

٧ـ دوبۆڤوار لە رۆمانی «هات کە بمێنێتەوە« سەرەتا دژە ژن بوون و کولتووری بوورژوازی فەرەنسە وێنا دەکات و دواتر قۆناغی بەکردەوە کردنی ئەو کارە نیشان دەدات و لە ئاکام دا روونی دەکاتەوە کە ئەگەر ژنان ئازاد بن دەتوانن هەموو شتێک بکەن. تەنانەت کردەوەی کوشتنی ئەویندارەکەشیان. ئەو شتەی کە دووبوار بۆ سەدەی بیستەمی بەدیاریی هێناوە. تێگەیشتن لە رەگەز وەک شێوەیەکی بنەمایی جیاوازی کۆمەڵایەتییە. باسە سەرەکییەکانی دوبۆڤوار بریتین لە:

١ـ چالاک بوونی ژنان
٢ـ پەیوەندیی ژنان و ناسین
٣ـ بڕواهێنان بە گۆڕان و گۆڕینی کۆمەڵایەتیی

جێگەی دوبۆڤوار لەسەر فێمینیزم چەندین لایەنی هەیە: لە لایەک، هەر مەرجێک کە لە لایەن فێمینیزمەوە بێتە ئاراوە، لە بەرگری کارەکانی دوبۆڤوارە و لەو جێگەیەوە کە فێمینیزم لەسەر بەشەکانی دیکەو کولتوورە هزرییەکانی دیکەش کاریگەریی هەیە. هەر بۆیە کارەکانی سیمۆن لە مەتن گەلی جیا لە مەتنە فێمینیستەکان بەرچاو دەکەون

دوبۆڤوار رۆڵێکی سەرەکی لە پەرەدان بە فێمینیزمی نەگێڕا، بەڵکوو لە راستی دا خۆی لە لایەن شەپۆلی دووهەمی فێمینیستەکانەوە دۆزرایەوە. واتە بە نیشاندان و دەرخستنی دووهەم بوونی ژنان لە کۆمەڵگادا فێمینیستەکان ئەویان دۆزییەوە. دەکرێ بڵێین کە دوبۆڤوار لە بواری بنەما سەرەکییەکان خۆی لەگەڵ فێمینیستەکان ناکۆکی هەبوو.

١ـ دوبۆڤوار پیاوەتی پەسند دەکرد و خوازیاری ئەوە بوو کە ژنان هێزی خۆیان وەک پیاوان لێ بکەن بۆ ئەوەی کە سەرکەوتوو بن.

٢ـ رەگەزخوازی وەک گرفتی کۆتایی کردەوەی رەگەزی پەسند دەکرد.

ئەگەرچی ئەو دوو روانگەیە تەواو لەگەڵ ئەندێشە فێمینیستەکانی سەدەی نۆزدەهەم دا دژایەتیان هەبوو. بەو حاڵەش فێمینیستەکان بەردەوام لایەنگریان لە دوبۆڤوار دەکرد و ئەویان بە یەکێک لە خۆیان دەزانی. دوبۆڤوار لە کۆتاییەکانی دەیەی شەست بوو بە لایەنگری رێکخراوی بزووتنەوەی ئازادی ژنان و لەو کەسانە بوو کە ئەساسنامەکەیانی ئیمزا کرد.

پێشنیارەکانی ئەو ئەساسنامەیە کە خاوەن بایەخ بوون بریتی بوون لە لەبار بردنی ئاوەلمە (منداڵ)، کۆنترۆڵی منداڵ بوون، (زاد و وەلەد) وە هەروەها رێگاکانی سپاردنی منداڵان بە ناوەندە دەوڵەتییەکان، راهێنانی منداڵانی تاقیگەیی و سک پڕی نائاسایی ژنان و لا بوونی هێندێک لە مەرج و بارودۆخە سەختەکانی ژیانی بنەماڵەیی.

ـ لێکدانەوەیەک لەسەر کتێبی رەگەزی دووهەم ـ

دەگوترێ کە کتێبی رەگەزی دووهەمی سیمۆن دوبۆڤوار یەکێک لە پڕفرۆشترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکانە کە لە بارەی ژنانەوە نووسراوە. گرینی ئەو باسە دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوە دا ببینین.


سیمۆن دوبۆڤوار

١ـ کەم کەس هەیە کە خوێندنەوەی زانستی لەسەر بزووتنەوەکانی ژنان و فێمینیزم هەبێ بەڵام کتێبی رەگەزی دووهەمی نەخوێندبێتەوە.

٢ـ ئەو کتێبە بۆ زۆر کەس وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی مێژوویی دەژمێردرێ

٣ـ زۆر کەس بۆ هێنانە بەرباسی رەخنە و لێکۆڵینەوەی زانستی دەیخوێنێتەوە.

٤ـ زۆر کەس بە کتێبێکی پیرۆزی دەزانن و ناوی کتێبی پیرۆزی فێمینیستەکانیان لەسەر داناوە. بۆ نموونە مۆنیک رۆمی لە کتێبەکەی خۆی دا (utopieal integration, p٢٩٩) نازناوی پیرۆزی بە بەرهەمەکانی دوبۆڤوار بەخشیوە.

٥ـ ئەدەبیاتی قەڵەم و شێوازی نووسینی دوبۆڤوار بۆ هێندێک کەس خاوەن بایەخێکی تایبەتیە. هەروەک چۆن لین توماس بڕوای وایە کە لە لایەک دەتوانین نووسینێکی گرینگی ئەدەبی و قەڵەمێکی بەهێز لە کتێبەکانی سیمۆن دا بدۆزیتەوە و لە لایەکی دیکەش بەرهەمەکانی ئەو بەشێکی گرینگن لە بنەما سەرەکییەکانی فێمیزمی نوێ.

٦ـ «مونلریر» لە کتێبی «ژنانی سەدی بیستەم دا» «کتێبی رەگەزی دووهەم» وەک کتێبێکی گرینگ دەناسێنێ کە دەبێ ناوەرۆکەکەی ببێتە رێگا روون کەرەوەی فێمینیستەکانی هاوچەرخ.

٧ـ هێندێک لەسەر ئەو بڕوایەن کە سیمۆن دوبۆڤوار لایەنەکانی زانستی بەکار هێناوە وەک لایەنە فەلسەفییەکان، لایەنە دەرونییەکان، ئەدەبی، مێژوویی و کۆمەڵناسی. ئەو بەمجۆرە بۆتە هۆی خوڵقاندنی پرسیارگەلێکی قووڵتر لەسەر بارودۆخی ژنان.

٨ـ هێندێکیش ئەو کتێبە بە بێ رەخنە و موشکیل نابینن و بڕوایان وایە کە سیمۆن کەسێکی سادیسمی و سەرلێشێواو بووە کە لە بەرهەمەکانی دا بە روونی ئەو نیشانانەی لە کەسایەتی خۆی بەجێهێشتووە.

٩ـ هێندێکیش لەسەر ئەو بڕوایەن کە کتێبی رەگەزی دووهەم تاقیکاری زانستی کراوە و بەو هۆیە کە بەسەر یەکەوە چاپ نەکراوە و بەشە جیاوازەکانی ئەو وەک گوتار لە گۆڤاری «سەدەی نوێ دا» کە خۆی مودیر مەسئولی بوو چاپ دەکران و دواتر کتێبەکە بەسەر یەکەوە هاتە بازاڕەوە. «ژوزیان ساویگها» لە کۆنفرانسی پێکەن دا پێشنیاری خوێندنەوەی کتێبی رەگەزی دووهەم بە بەشداران دەکات و دەڵێ کە ئەو کتێبە هەڵبژێردراوی فێمینیستەکانە و بە بڕوای ئەو ئەو کتێبە جێگەیەکی گرینگی لە دڵی مێژوو و باسەکانی ژنان و فێمینیزم دا هەیە و بایەخێکی ئەرێنییە بەسەر فێمینیسمی فەڕانسە و زانستی فێمینیستی دا

**رەخنەگرانی سیمۆن دوبۆڤوار**

لە بارودۆخێک دا کە فمینیزم لە زۆربەی زانستەکان دا بنچکی داکوتاوە و رۆژ لە دوای رۆژ رادە و رێژەی فێمینیستەکان روو لە زیادبوونە، ئیتر کتێبەکانی دووبوار وەک رابردوو پیرۆز نەماون. زۆربەی رەخنەگران لە دەیەی ٨٠ بەولاوە بۆچوونەکانی دوبۆڤوار رەت دەکەنەوە تا ئەو جێگایەی شاهیدی رەخنە و گەشەی بۆچوونی نێگەتیڤ سەبارەت بە کەسایەتی زانستی و دەروونی دوبۆڤوار بووین.

لە روانگە رەخنەگرانەوە، کتێبی رەگەزی دووهەم بۆشە لە زانستی فەلسەفی رامیاری و هەروەها نووسەری کتێبەکەش خاوەن کەسایەتییەکی لاوازە.

ئەوان لە لێکۆڵینەوە جۆراوجۆرەکان داو لە رێورەسمی رێزلێنان لە دوبۆڤوار کە پاش ٥٠ ساڵ بەسەر مردنەکەی دا بەڕێوەچوو ئەو خاڵانەیان هێنایە بەر باس.

١ـ لاوازی زانستی رامیاری دوبۆڤوار تا ئەو ئاستە بووە کە پرسەکانی ژنانی لە سەردەمی خۆی دا (شەڕی دووهەمی جیهانی) نەناسیوە و لە هەلوومەرجی کۆمەڵگای خۆی تێنەگەیشتووە

٢ـ لە پەیوەندی لەگەڵ «سارتر» دا زۆر سەرەڕۆ بووە تا حەدێک کە پێیان دەگوت «ساتر» دەپەرەستێ.

٣ـ بەرزەفڕی نازناوێک بوو کە لە لایەن رەخنەگرانیەوە پێی دەگوترا.

٤ـ زۆربەی فێمینیستەکان کە هێندێک لە رستەکانی ئەو لەسەر ژنان دەبینن گومانیان لە فێمینیست بوونی دوبۆڤوار هەیە. وەک کچی بەستەزمان، تووڕە، دواکەوتوو، ترشاو، کەمی هەیە، کەمی رەگەزی هەیە، رەگەزخواز، سەد جار کورتاژ کراو، دایکی شاراوە، چارەڕەش و..... ئەوان دەڵێن کە دوبۆڤوار بە قەڵەمی خۆی بێ رێزی بە ژنان کردوە.

٥ـ دوبۆڤوار باس لە چەمک گەلێک لەسەر ژنان دەکات کە هیچ کات نەیتوانیوە بە کردەوە بیسەلمێنێ ئەو جیاکردنەوەی رەگەز بە تاوانی کۆمەڵگا دەزانێ. بەڵام خۆی تووشی هەڵەیەکی زەقتر بووە ئەویش ئەوەیە کە دەیهەوێ ژنان پیاوانە بیر بکەنەوە بۆ ئەوەی پێگەیەکی وەک پیاوانیان لە کۆمەڵگادا پێ بدرێ.

# بەڕێوەچوونی سمیناری «نا بۆ توندوتیژی دژی ژنان» لە نۆروێژ

پاشنیوەرۆی رۆژی ١٩ی خەرمانان، یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان بە هاوکاریی رێکخراوی RKRی نۆروێژی و بە بەشداریی ئەندامان، داکۆکیکارانی مافی یەکسانیی ژنانو دۆستانی نۆروێژیی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکرات سمینارێکی لەژێر ناوی «نا بۆ توندو تیژی دژی ژنان» لە شاری لیلیسترۆمی نۆرویژ بەڕێوە برد.

لە سەرەتای سمینارەکەدا «هێگە رێسکۆ» جێگری بەرپرسی




شووراى نۆروێژی بۆ مافەکانی کورد لەبارەی چەمکی بەزۆر بەشوودانو یاسا پەسند کراوەکانی وڵاتەکەی بۆ پێشگیری لەو کارەو سزادانی ئەو کەسانە دوا کە بەو شێوەیە هەوڵ دەدەن رێگری لە هەڵبژاردنی ئازادانەی هاوسەری داهاتووی کچو کوڕەکانیان بکەن.

دوابەدوای هێگە رێسکۆ، بەڕێز خەندان حەمە خەزا، چالاکی مافی مرۆڤ باسەکەی خۆی لەژێر سەردێری «بەزۆر بەشوودانو کوشتنی ژنان لەسەر نامووس» پێشکەشی بەشدارانی سێمینارەکە کرد. ناوبراو لە باسەکەیدا لەسەر مێژووی کوژران لەسەر نامووس لە نەتەوە جۆراوجۆرەکان دا وتی کە پاراستنی نامووس



زیاتر بابەتێکی نەریتییە تا ئەوە کە بابەتێکی ئایینی بێ و دواتر بە تێر و تەسەلی لە سەر ئەو بابەتە لە نێو ئایین و کلتوورەکاندا دوا.

لە بەشێکی دیکەی کاری سمیناری «نا بۆ توندوتیژی دژی ژنان» هاوڕێ گوڵاڵە شەرەفکەندی، بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات باسێکی لەسەر مافی مرۆڤ، نەتەوەو کوشتنی نامووسی پێشکەش کرد.

لە نێو ئاخنی کاری سێمیناری «نا بۆ توندو تیژی دژی ژنان»دا هێکی هولمۆس ئەندامی پەرلەمانی نۆروێژ لە حیزبی سۆسیالیستی چەپ SV و لە حیزبی کاری نۆروێژ سەبارەت بە هەڵبژاردنی ١٢ی سێپتامبری شارەوانییەکان لە نۆروێژو رۆڵو پێگەی کوردەکان لەو هەڵبژاردنانەداو چەند بابەتێکی پێوەندیدار بە سێمینارەکە بۆ بەشداران قسەی کرد.

بەشێکی زۆری باسەکانی سمینارەکە لەلایەن هاورێ رۆژین قادری بۆ میوانە نۆروێژییەکان کرایەوە نۆروێژیو هەروەها لەلایەن هاورێ سەیران مەعرووفییەوە وتەی نۆروێژییەکان دەکرایە کوردی. هەروەها چەند گۆرانییەک لەلایەن ئارەزوو عومەرزادەو بە هاوکاریی ئامانج مەعرووفی پێشکەشی بەشدارانی سێمینارەکە کرا.

# بۆ یادی دوکتور سەعید
## (دڵسووتاوان)

لەسەر سەکۆی هەستی شۆڕشگێڕانەت، لە بەرزایی روانینی دوور و وردت، لە گەڵ هەنگاوەکانی بوێرانە و بەرزتدا، فێری فڕین و بەرەو خۆر رویشتنت کردین. خەونەکانت هاوڕێ، چەکەرەی باڵی هیوای مەڵبەندی دەرکردو، زەردەخەنە پڕماناکەت، نهێنی وشەکانی بەر ساباتی ئەم ئێوارەیە دەدرکێنن کە تۆ سەفەری بێ گەڕانەوەت تێدا کرد. ئێوارەیەکی پڕ لە خێو و تارمایی، ئێوارەیەک پڕ لە خوێن و گەردەلوول. ئەو شەوە لە بێرلین، تارماییەکان ئەستێرەکانیان کوژاندەوە، بەڵام چەپکەگوڵی هەتاو لە چاوەکانتدا، پۆل پۆل بەرەو تەرەغە وەڕێ کەوتن، تا بۆ کوردستانی چاوەڕێت گۆرانی عەشق بڵێن.

تاریکپەرستان زستانی ساردوسڕیان خستە نێوان تۆ و نیشتمانت، بەڵام هاوڕێم ژیلەمۆی بەجێماوی بیرت، گەرمایی دا بە هەموو ماڵەکانی دڵ و پڕی کردن. ئەی هاوڕێ مەزنەکەی چیا و سەنگەر، ئەی خەمخۆرەکەی دواڕۆژ، تۆ لە سەرچاوگەی زانستی شارەوە، شەپۆلی نەسرەوتنت بۆ بناری کوێستان بە دیاری هێنا، تۆ لەژێر رەهێڵەی بارانی هەرەشەو مەرگدا، باوەشت کردە هێلانەی خۆشەویستی بۆ نووسینەوەی دارستانی هەرمان.



بە پێنووسی باوەڕ و بڕواو سووربوون، پەردەی شەو و خۆف و ناهومێدیت دڕی.

کۆچ و ماڵاویی دواجارت، بۆ نیشتمان و ئەو کەسانەی چاوەڕوانی گەڕانەوەت بوون، تا تیشکی هیوا بخەیە ناو دوڕگەی دڵیان، ئێستاش باوەڕ ناکرێت. خەڵک باوەڕ ناکەن بۆ جیرانەتی قاسملووی مامۆستات، کوردستانت جێهێشت. ئێستا لێرە، لە پرسەی شاخ و سەنگەردا، لە جێژوانی هەژاری و برسییەتیدا، هاوڕێیانت لە پەنجەرەی چاوەڕوانیی گەڕانەوەتدا، بەیانیان زۆر زوو، ژانی ژینهەژێنی دووریت، لەبەر ئاگردانی برینی پڕ لە پشکۆدا بە شیلەی شیرنیایی یادت، تێپەڕ دەکەن. ئەی جەستە خوێناوییەکەی ناو شاری بێرلین، ئەی ئۆقرەگرتووی پێرلاشێزی پاریس، کە هەواڵی نەگەڕانەوەت بڵاوبۆوە، بەفر و رنوو و چیا و قەڵپەزە، باوەشیان بەسەنگەردا کرد و سەنگەریش دەست لەمل پێشمەرگە، تێرتێر بۆ کوردستان گریان. ئاخ چ نکبەتە شەوێک بوو ئەو شەوەی بێرلین. نەک هەر نکبەت، کارەسات بوو کارەسات. لەو شەوەدا بوو کۆشکەکان، شەقامەرازاوەکان و مرۆڤایەتی بێرلین چاویان وەک شووشەی چراگڕسۆزە دووکەڵگرتووەکەی جاران، تەنیا تۆزێ، بەحاڵ ترووسکەیەکی دەکرد. لەو شەوەدا تەڵەزمی زوڵم بوو بە جەرگی حەقدا دەچووە خوار و خودای عەدالەت و ئینسانییەت خرپ بۆی خەوتبوو.

(لە رێی بەڕێز کاک عەلی خزری یەوە)

# بە بۆنەی کۆچی دوایی
# مامۆستا مەحموود زامدار

بەداخەوە، رۆژی پێنج شەممە ١٧ی خەرمانانی، مامۆستا مەحمود زامدار پاش بەربەرەکانییەکی زۆر لەگەڵ نەخوشی لە نەخۆشخانەی کۆماریی شاری هەولێر لە تەمەنی ٦٦ساڵی دا کۆچی دوایی کرد.

مامۆستا مەحمود زامدار، نووسەر و رووناکبیری ناوداری کورد لە دایکبووی ساڵی ١٩٤٤ لە شاری هەولێرە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی هەر لەو شارە بە ئاکام گەیاندوە و پاشان بە نیازی درێژەدان بە خوێندن رووی کردۆتە شاری بەغدا و بەشی کوردیی کۆلێژی ئەدەبیاتی بەغدای بە سەرکەوتوویی تەواو کردوە. ماوەی زیاتر لە ٣ ساڵ وەک فەرمانبەر لە فەرمانگەی زەریبەی گشتی کاری کردوە و هاوکات ٣٢ ژمارەی خەباتی قوتابیانی بڵاو کردۆتەوە. نزیکی ٧ ساڵ لە ئێستگەی کوردی بەرنامەی تایبەتی پێشکەش کردوە. ١٤٤ ژمارەی گۆڤاری منداڵانی بە هاوکاری هاوسەرەکەی بڵاو کردۆتەوە و لەم بوارەشدا هەوڵێکی بێ وچانی داوە. زیاتر لە ٤٦ بابەت و لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبیی لە بوارە جۆراوجۆرەکان لە رۆژنامە و گۆڤارە جیاوازەکاندا بڵاو بۆتەوە و لە ژمارە ٩ تا ژمارە ٥٤٥ ئەندام دەستەی نووسەران



و بەرپرسی بەشی هونەریی رۆژنامەی هاوکاری بووە. ماوەی ٧ ساڵ وەک سکرتێری نووسین لە گۆڤاری بەیان دا کاری کردوە، یەک ژمارەی گۆڤاری «شمس››ی کوردستانی بە تەنیا دەرکردوە، ٢ ساڵ مامۆستای زمانی کوردی بووە و نزیکەی ٧٥٠ کۆڕی جۆراوجۆری لە بەغداو شارەکانی کوردستان گێڕاوە. ماوەی ٨ مانگ ئەرکی ئامادەکاری لاپەڕەی «الثقافة الکوردیە»ی رۆژنامەی عێراقی لە ئەستۆ دا بووە. لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٧٠ بۆ ١٩٨١ لە گۆڤار و رۆژنامەکانی بەیان، رۆشنبیری و هاوکاری دا ٩٣٧ بەرهەمی بڵاو کردۆتەوە. لە چەندین دەزگا و سەندیکا و رێکخراوی رۆژنامە نووسی و هونەریی کوردستانی و عێراقی دا ئەندامەتی کارا و چالاکیی بەرچاوی بووە. لەم نووسەر و رووناکبیرە بە توانایەی کورد تا ئێستا زیاتر لە ٣٠ کتێب و نامیلکە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبی و رووناکبیری دا بڵاو بۆتەوە. نەمانی دوکتور مەحمود زامدار خەسارێکی گەورە بوو بۆ هونەرو فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی و هیوادارین بە درێژەدانی رێبازی پیرۆزی کە هەردەم لە خزمەت مرۆڤایەتی و نیشتمان دا بووە یاد و بیرەوەریی مەزنی لە نێو دڵاندا بە زیندوویی بمێنێتەوە و رێبازەکەی پڕ رێبوار بێ.

«کوردستان››

# «ئەدەبیاتی بەراوردی»

**یوسف قەدیری**

**پێناسە:**

ئەدەبیاتی بەراوردی چەمکێکی تاک و تایبەتی نییە و بەگشتی بە شێوازێک لە ئەدەبیات دەگوترێ کە بە بەراورد کردنی ئەدەبیاتی دوو یا چەند وڵات، کولتوور و بەستێنە جیاوازەکانی وڵاتێک، کاریگەریی و هەمبەرایەتیی نێوانیان شرۆڤە دەکات. بە واتایەکی دیکە هەڵسەنگاندنی پێوەندی، کارتێکەرییەکانی نێوان چەندین کولتوور بە شێوەی لۆژیک و زانستیانە بە ئەرکی سەرەکیی ئەم شێوازە لە ئەدەبیات پێناسە دەکرێ و لە هەندێک بواردا وێچوویی فەرهەنگیە کۆمەڵایەتیەکان، ئاستی کارابوونی کولتوورەکان و بە پێچەوانە جیاوازەکانیش دەردەخات.

ئەم شێوازە لە بنەڕەتدا زانستێکی فەڕانسەیە و بریتییە لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی رێژەیی بەرهەمگەلێک کە هەڵقوڵاوی بەستێنی جۆراوجۆری کولتوورین و بەگشتی خاوەن دوو قوتابخانەی سەرەکی یە:

١. قوتابخانەی فەڕانسەیی لەو باوەڕەدایە کە چەندین بنەمای لە بواری شوێندانەری و شوێنوەرگری ئەدەبیاتەوە هەیە.

٢. قوتابخانەی ئامریکایی: پاش شەڕی جیهانیی دووهەم، ئەم قوتابخانەیە جگە لە باسی کاریگەریی و باندۆر و پێوەندییە ئەدەبییەکان خوازیاری بەراوردکاری لە بواری دیکەی زانستە مرڤایەتییەکان بوو. لە تەوەر و باسەکانی دیکەی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکانیش بۆ نموونە کۆمەڵناسی، زانستی پێوەندییەکان، مێژوو و تەنانەت هونەری نیگارکێشانەوە رۆڵی شوێندانەر و شیکەرەوەی گێڕاوە.

**مێژووی ئەدەبیاتی بەراوردی:**

ئەم شێوازە لە سەرەتای سەدەی ١٩ کەوتە بەر باس و لێکۆڵینەوە لە سەرەتای سەدەی بیستەم پێی هەڵگرت و هاتە ناو قۆناغەکانی ئاکادیمی کە یەکەمجار فرانسوا ویلمەن لە ساڵی ١٨٢٨ی زایینی بە هێنانە گۆڕێی ئەم باسە بەردی بناغەی زانستی ئەدەبیات بەراوردی دانا و رەخنەگر و ئەدیبەکانی بەرەو دۆزینەوەی زیاتری لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم شێوازە هاندا.

٤٠ ساڵ بەر لە ئێستا بە سازدانی کۆبوونەوە و دانیشتنێک لەمەڕ تەوەری ئەدەبیاتی بەراوردی لە زانکۆی ئەدەبیاتی شاری لیۆن ئەم زانستە لە وڵاتی فەڕانسە پێگەیەکی تایبەتی و فەرمی بۆخۆی دەستەبەر کرد. هەندێک جار ئەم شێوازە قۆناغە جیاوازەکانی ئەدەبی وڵاتێک و رەوتەکەی لەناو وڵاتێکدا یا خود شێوازەکانی ئەدەبی زمانێک بە پێی پێوانە ئەدەبییەکانی ئەم وڵاتە و پێوەندیی نێوانیان بەراورد و دیاری دەکات..

**قۆناخەکان:**

زانستی ئەدەبیات لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە درێژایی مێژووی ئەدەبی ئەم ناوچەیە قۆناخەکانی وەک پێناسە و لێکۆڵینەوە و رەخنەی ئەدەبی بە شێوەی ئەزموون و تا رادەیەکیش نیوەزانستی بڕیوە بەڵام هەنووکەش وەک رادەی پێویست توێژینەوەیەکی ئەوتۆی بەرچاوی رەخنەیی بە خۆیەوە نەدیوە و هۆکاری ئەمەش بۆ خۆلەقەرەدان لە شێواز و قۆناخە زانستییەکان بەرەو ئەنجامگیرییەکی بەر پەسندی زانستی دەگەڕێتەوە کە لە ئاکامی زاڵبوونی بیرۆکەی چەندایەتی بەسەر چۆنیەتی دەق و ناوئاخنی ئەم پرۆسەیە وێنا دەکرێ و هەر بۆیە رەچاوکردنی ئەم قۆناخانە لە پێداویستییەکانی گەیشتن بە وتار و نووسراوێکی بە کەڵکی بەراوردی بە ئەژمار دێ کە لە بازنەی ئەدەبی شێوازی ئەدەبیاتی بەراوردی دا بەدی دەکرێن. بە واتایەکی دیکە هاوکات لەگەڵ ئەوەکە ژێرخانی شێوازی بەراوردیی هەر یەک لەم قۆناخانەش ئەرکی شرۆڤە و راڤەکارییەکی وێژەیی وەک ئامرازی شیکاریی ئەدەبیات و بەرهەمە ئەدەبییەکان بۆ نزیک بوونەوەی پتر لە ئامانجی ئەم شێوازە واتا جێگیربوونی بیرۆکە و هزری جیهان زێدی و پێکەوە ژیانی وە ئەستۆ گرتووە.

هەر شێوازێکی کار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی خاوەن چەندین قۆناخ و یاسای کارپێکردن و توێژینەوەیە کە لە قۆناخەکانی ئەدەبیاتی بەراوردیش بریتیین لە:

١_ شارەزایی لە بواری زمان و زمانەوانی ٢_ دۆزینەوەی سەرچاوەکان. ٣_ خوێندنەوەی رەخنە ئەدەبیەکان. ٤_ هەبوونی هێزی دەستنیشانکردنی وێنە و وێناکان. ٥_ سەلماندنی پێوەندیی رەوتی ئەدەبی و کاریگەریی لەسەر یەکدی. ٦_ سازدانی دیپارتمانە زانکۆیی و تایبەتییەکانی زانستی ٧_ دامەزراندنی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و زمانەوانیی.

ئەدەبیاتی بەراوردی بەراوردێکی ئەدەبیی سادەی دەق و نووسراوەکان نییە، بەڵکوو کۆمەڵێک پێداچوونەوە و لێوردبوونەوەیەکی ئەدەبی بە مەبەستی دۆزینەوەی پێوەندیی نێوان تانوپۆی کولتوورێکی تایبەت و هێنانە گۆڕی باسێکی دەروونتوێژانە لە سەر پێکهاتەگەلی ئەم کولتوورەیە.

هەر وەک دەزانین ئەدەبیات رۆژ بە رۆژ بە هۆی پێوەندی و شکاندنی بەربەستەکانی بەردەم پێوەندیی کولتوورەکان بەرەو رەوتی گشتگیرتر بوون و گلۆبالیزمی پتری ئەدەبی دەڕوا کە لە ئاکامدا ئەدەبی رۆژئاوا و رۆژهەڵات بەردەوام ئاڵوگۆڕیان بەسەرردادێ کە لە هۆکارەکانی ئەم گۆڕانکارییانە هێما کردن بۆ ژمارەیەکیان پێویستە. لەوانە رەوتە مێژووییەکان وەک شەڕەکانی نێوان ئیسلام و مەسیحیەت بۆ ماوەی دووسەدە و هەروەها باندۆڕی راستەوخۆ و ناراستەوخۆی بە جیهانیبوونی دیاردەکان لە سەر مەیل و مگێزی ئەدەبیاتی رۆژئاوا و رۆژهەڵات وەک هۆکاری سەردەم بەشێوەی زانستیانە پێناسە کراون.

ئەگەر بە روانینێکی وردتر لەم دوو هۆکارە بڕوانین دیاردەی کۆچکردنیش وەک هۆکارێکی مێژوویی بەستراوە و لە چوارچێوەی هۆکارگەلی رەوتە مێژوویی و سەردەمییەکان دادەنرێ کە خۆی رۆڵی پێکهێنان و سازدانی ئەدەبیاتێکی نوێ بە شوێنی تێکەڵاویی کولتوورەکانی بە ئەستو گرتوە، تەنانەت پێویستیی وێژەوان «ئەدیب›› و خامە بەدەستەکانیش لە بواری ئەدەب و وێژەدا بە یەکتر ئەدەبیاتی بەدەر لە ئەدەبیاتی خۆجێی یەکدی، هاندەرو یارمەتیدەری دیاردەی گلۆبالیزمی ئەدەبی و زێدەبوونی وێژەی ئەدەبی جیهان بووە. ئەدەبیاتی هەر نەتەوەیەک خاوەن جەستەیەکی چالاک و زیندووە و لەرەوتی تەمەنی خۆیدا بەهۆی ئەدەبیاتی نەتەوەکانی بیانی دیکەدا نەخوازراو دەکەوێتە بەر کاریگەری و تێکەڵاوی و ئەفراندنی نوێ و رەوتی ئەدەبیاتی ئەم نەتەوەیە بەرەو پێشکەوتن و پەرەگرتوویی رێنوێنی و بەستێنی وێژەیی ئەم وڵاتە پڕپیت و بەربڵاوتر دەکات. ئەدەبیاتی بەراوردی پردێکە بۆ تێرامانێکی دووبارەی ئەدەبیاتی گشتی لە جیهاندا و رۆچنە و دەلاقەیەکە بۆ روانینی بیروکەکان و بیستنی گەلێک وتەی جۆراوجۆری بەنرخ لە هەر جۆرە رەچەڵەک و زمان و کولتوور و نەتەوەیەک. بە گوتەی «فردیناند برۆنتە» مامۆستای زمان و ئەدەبیاتی فەڕانسە: ئێمە هیچکات خۆمان ناناسین ئەگەر تەنیا خۆمان بناسین.

KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

NO: 567 21 sep 2011

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11604
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


بەر لە ماڵاوایی

# یادێک لە بلیمەتی گەورە شەهید دوکتور سادقی شەرەفکەندی

**مستەفا شڵماشی**

(٢٦ی خەرمانانی ساڵی (١٣٧١) ڕیکەوتی١٧ی سیپتامبری ١٩٩٢)لە ناوجەرگەی دنیای پێشکەوتوو دا، واتە لە شاری بەرلین و لە کاتێک دا کە ئەو شارە میوانداری نوێنەرانی زۆربەی نیزیک بە تەواوی ئەحزابی سۆسیال-دێموکڕاتی سەراسەری دنیا بوو، دوکتور سادقی شەرەفکەندی سکرتێری ئەوکاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، کاک فەتتاحی عەبدولی نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، کاک هومایوونی ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە ئەڵمان و کاک نووری دێهکردی دۆستی لە مێژینەی گەلی کورد و حیزبی دێموکڕات، بەدەستی جینایەتکارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران تیرۆر کران. ئەو تیرۆرە دەوڵەتییە هەر لەو کاتەدا کە لاپەڕەیەکی ڕەشی دیکەی خستە سەر کارنامەی دژی مرۆڤایەتیی کۆماری ئیسلامی، خەسارێکی زۆر گەورەشی لە جووڵانەوەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا.

دوکتور سادقی شەرەفکەندی یەکێک لەو کادرە هەڵکەوتووانەی حیزبی دێموکڕات بوو کە دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوو گەورەترین چاوەڕوانیی لێ دەکرا و پشت بە ڕێبەری کردنەکەی دەبەسترا. دوکتور سادق کەسێکی وردبین، تەشکیلاتی و هەتا بڵێی بە ورە و خووو ڕەوشت بەرز بوو. هەرچەند لە دنیا دا هیچ ئینسانێک بێ عەیب نییە و ڕێبەرانیش هەر ئینسانێکن و ناکرێ بێ عە یب بن، بەڵام کەم کەس هەڵ دەکەون کە وەک دوکتور سادقی شەرەفکەندی، ئەو تایبەتمەندییەی ڕێبەرایەتییان تێدا بێ.

کاتێک ئاوڕ دەدەمەوە سەر ڕابردوو ئەو ڕۆژانەم وەبیر دێتەوە کە بۆ ماوەی نیزیک ساڵێک لە شێوەجۆی ناوچەی سەردەشت پێکەوە لە ژوورێک دا بووین کە بەبەر کەندەڵانێکە وە دروست کرابوو و ئەوەندە شێدار بوو کە بە ناوەڕاستی ژوورەکەدا جۆگەلە یەکمان هەڵبەستبوو کە ئاوەکەی پێدا بڕوا و ئێستاش پێم سە یرە چۆن لەو ژوورە دا نەخۆش نەکەوتین. چەند سیفەتێکی مەردانەم دێتەوە بیر کە بەڕاستی بۆ کەسێکی شۆڕشگێڕ لە نان و ئاو زیاتر پێویستن. دوکتور شەرەفکەندی هەر لەو کاتە دا کە زۆر جیددی بوو لە کاری سیاسی و حیزبایەتی دا، ئەوەندەش بێ موبالات بوو نیسبەت بە ژیانی تایبەتی. هێندە نیک نەفس بو کە هەر بە نانی ویشکی ئیدارەی دەکرد و هیچ کاتێک نەمدی گلەییە کی شەخسی هەبێ. هەر لەو کاتە دا کە ساکار بوو لە هەڵسوکەوت دا و تەنانەت لە گەڵ کوڕ و کچە لاوەکانی ڕاگەیاندنی حیزب دا گاڵتەو گەپی دەکرد، لە بەرپرسایەتی دا ئەوەندە جیددی و تەنانەت توند و جیددی بوو. هەر لە و کاتە دا کە بۆ نووسین و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن پرس و ڕای دەکرد، لە دەربڕینی بۆچوونی خۆی دا و پێ داگری لە سەر بۆ چوونەکانیشی دا بە هەڵوێست بوو. هەر لە و کاتەدا کە بە شک و گومانەوە چاوی لە هەرشتێک دەکرد و بە چاوی ڕەخنە گرانە کارەکانی خۆی و هاوڕێیانی هەڵدەسەنگاند، ئەگەر گەیشتبایە کاتی بڕیاردانیش زۆر ئازایانە و بێ دوودڵی بڕیاری دەدا. جا ڕەنگە جاری وایە بڕیاری هەڵەشی دابێ.

دوکتور شەرەفکەندی کەسێک بوو کە توانا و غیرەتی ڕێبەرایەتیکردنی هەبوو. دوای دوکتور قاسملوو زۆر بە زوویی توانی ڕۆڵی ڕێبەرێکی مەزن بەدەستەوە بگرێ و زوو گوڵ بکا. هەر بۆیە دوژمن بە پەلە کەوتە پلاندانان تا ئەویش لە سەر ڕێگای خۆی لابەرێ و حیزبی دێموکڕات و جووڵانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە باری ڕێبەرییەوە لاواز بکا. هەر بۆیە بە نامەردانەترین شێوە پلانی داڕشت و ئەو ڕێبەرە گەورەیەی لە جووڵانەوەی کورد ستاند. بە شەهید بوونی دوکتور شەرەفکەندی گەلی کورد و حیزبی یموکڕاتی کوردستان خەسارێکی گەورەیان لێ کەوت. بەڵام بە خوێنی کەسانی وا گەورە نەمامی لە خۆ بوردووەکان ئاو دەدرێ و دەیان گوڵی شەرەفکەندی دەپشکوێن.

یادی ڕێبەرانی پایەبەرزی وەک شەرەفکەندی و هاوڕێیانی، بێگومان هەستی درێژەدەرانی ڕێگاکەیان دەجوڵێنن و بۆ درێژەدان بە ئەرکە کانی ئەوان ورەیان پێ دەبەخشن.

بەرز و پیرۆز بێ یادی شەهیدانی میکۆنووس

شەکاوە بێ ئاڵای خەباتی ڕێبازەکەیان تا وەدیهاتنی ئامانجی ئەو شەهیدە سەر بەرزانە.

# بەڕێوە چوونی یەکەم فێستیڤاڵی یارییە ناوچەییەکان لە سەردەشت



یەکەم فێستیڤاڵی یارییە ناوچەییەکان بە بەشداریی ٤٠٠ یاریزان لە سێ پارێزگای کرماشان، ورمێ و ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، لە پەنای ڕووباری کەلۆێ لە سەردەشت بەڕێوەچوو.

بەپێی هەواڵی کوردستان و کوردنیوز ڕۆژی هەینی ٢٥ خەرمانان یەکەم فێستیڤاڵی ناوچەیی و خۆجێی سێ پارێزگای کرماشان، ورمێ و ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات لە کەناری ڕووباری کەلۆێ لە دەڤەری سەردەشت دەستی پێکرد کە تێیدا یاریزانان لە ڕشتەکانی: دال پلان، تەناف کێشیی پیاوان، قیقاج، حەوت سەنگ، دامە، کوشتیی ناوچەیی (زۆران)، تیر هاویشتن بە تیروکەوان و ماسیگری کەوتنە پێشبڕکێیەوە.

هەروەها لە بەشی لاوەکیی ئەو فێستیڤاڵەدا، ئەسپ سواری، مۆسیقای فۆلکلۆر، لێنانی غەزا و چێشتە خۆماڵییەکان، جلوبەرگ و پۆشاکی ناوچەیی و پیشە دەستییەکان نمایش و پیشانی خەڵک دەدرێن.

بەهۆی تایبەتمەندیی ناوچەیی و دەوڵەمەندیی فۆلکلۆر و گرینگیدان بە پاراستنی کلتوور لە شاری سەردەشت و دەوروبەری، ئەو شارە بۆتە مەڵبەندێک بۆ ئەو جۆرە چالاکییانە، و ساڵانە فێستیڤاڵی سەرانسەریی مۆسیقیی لە سەردەشت بەڕێوە دەچێت کە هەتا ئێستا پێنج خولی بەڕێوە چووە.

# قەدەغە کرانی گواستنەوەی قوتابیانی کچ لە ئێران بە هۆی پیاوانەوە



هەواڵدەریی حکوومەتیی مێهر لەزاری لێپرسراوی پۆلیسی هاتوچۆی تارانەوە بڵاوی کردەوە: چیدیکە پیاوان ناتوانن شوفێری سروێسی کچانی دواناوەندی بن و بە جێگەی ئەوان ژنان ئەو ئەرکە دەگرنە ئەستۆ.

حوسێن ڕەحیمی ئاشکراشی کردوە: لە سەرەتای مانگی ڕەزبەرەوە کاری گواستنەوەی قوتابیانی کچی دواناوەندی دەسپێردرێتە شوفێرانی ژن!

بە وتەی ڕەحیمی: ئەو بڕیارە قوتابیانی کچی سەرەتایی و ناوەندی ناگرێتەوە.

لێپرسراوی پۆلیسی هاتوچۆی تاران هۆکاری قەدەغە کردنی شوفێرانی پیاوی گەڕاندۆتەوە بۆ، نەبوونی ئیمکاناتی پێویستی وەک: تاکسی و سەرویسە تایبەتییەکانی دیکە بۆ گواستنەوەی کچان.

ئەو لێپرسراوەی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران ئەوەشی خستە ڕوو: سەرجەم ماشێنەکانی گواستنەوەی کچانی قوتابی «کارنامەی فێرکاری»یان بۆ دەر دەکرێ.

ڕەحیمی هیچ ئاماژەیەکی بە ناوەرۆک و چۆنیەتیی ئەو کارنامە فێرکارییە نەداوە

# دەستبەسەرکرانی ژمارەیەک سینەماکار لە ئێران



کۆماری ئیسلامی کۆمەڵێک فیلمسازی بە بیانووی ئەوەی کە سەر بە کاناڵی فارسیی«بی بی سی»ن، دەسبەسەر کرد.

باشگای هەواڵنێرانی کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا نووسی: لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا پاش بڵاوکردنەوەی هەواڵی دۆزینەوەی هێڵێکی بەربڵاوی ئەم کەسانەی کە هاوکاریی بی بی سی فارسی لە تاران دەکەن، دوو شەو لەمەوبەر چەندین کەسیان لە شوێنە جۆراوجۆرەکان دەسبەسەر کردوە و تەحویلی شوێنە پێوەندیدارەکانیان داون.

لە هەمان ڕاپۆرتدا هاتوە: ئەم کەسانە ئەندامی هێڵی دابین کردنی هەواڵ، زانیاری، فیلم و ڕاپۆرت بە نهێنی بۆ بی بی سی بوون و هەتا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە چۆنیەتی و ڕادەی ئەم کەسانەی کە دەسبەسەر کراون ڕوون نەبۆتەوە.

ئەمە لە حاڵێکدابووە کە شەوی شەممە و هاوکات لەگەڵ بڵاوکردنەوەی فیلمی موستەندی «خەت و نیشانی ڕێبەر» لە بی بی سی فارسی، بڵاوکردنەوەی ئەم بەرنامەیە لە زۆربەی ماهوارە جۆراوجۆرەکاندا تووشی کێشەی بڵاوکردنەوە هاتوەو هەروەها بی بی سییش ئەمەی پشتڕاست کردەوە.

# ژمارەی دانیشتووانی زەوی گەیشتە حەوت ملیارد کەس



وەک پێشبینی دەکرا لە چەند ڕۆژ یان هەفتەی ڕابردوودا منداڵێک لە چین یان هندوستان لە دایک بوو کە بوو بە حەوتەمین ملیارد کەس لەسەر ڕووی زەوی.

ماڵپەڕی عەرەب ئۆنلاین بڵاویکردۆتەوە، هەرچەندە تا ئێستا سەرژمێرییەکی ١٠٠٪ بۆ ژمارەی دانیشتووانی گۆی زەوی نەکراوە، بەڵام ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشبینیی ئەوەی کردبوو لە کۆتاییەکانی مانگی سێپتامبری ئەمساڵدا ژمارەی دانیشتووانی زەوی بگاتە ٧ ملیار کەس.

پسپۆڕانی بواری سەرژمێریی دانیشتووان پێیانوایە زۆربوونی خێرای ژمارەی دانیشتووانی سەر ڕووی زەوی ژمارەی دانیشتووانی هەسارەکەی گەیاندوەتە سەرووی ٧ ملیارد کەس لە مانگەکانی سێپتامبری ئەمساڵدا و هۆکارەکانی وەک نەخۆشییە درێژخایەنەکان و شەڕە بەردەوامەکان سەرژمێریی ڕاستی دانیشتووانی مەحاڵ کردوە.

نەتەوە یەکگرتووەکان پێشبینیی ئەوەی کردوە ژمارەی دانیشتووانی زەوی لە بەرزبوونەوەی بەردەوامدا بێت، تا ساڵی ٢٠٥٠ کە پێشبینی دەکرێ دوای ئەوەی ژمارەی دانیشتووان دەگاتە ٨ تا ١٠ ملیار کەس، ئەو زۆربوونە پاشەکشە بکات.

گەشەسەندنی ژمارەی دانیشتووان وەک ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێ لە وشکاڕۆیەکەوە بۆ وشکاڕۆیەکی دیکە دەگۆڕێ و تەنانەت لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکەش دەگۆڕێ و بەپێی ئەو پسپۆڕانە، لە ئایندەیەکی نزیکدا هندوستان کە ژمارەی دانیشتووانی ٢/١ ملیار کەسە لە ئێستادا، جێگەی چین دەگرێتەوە کە دانیشتووانەکەی ٣/١ ملیارد کەسە و لە نایجیریا کە بەرزترین ڕێژەی دانیشتووانی لە وشکاڕۆی ئەفەریقا هەیە و ژمارەی دانیشتووانەکەی ١٦٢ ملیۆنە، لە نێوەڕاستی ئەم سەدەیەدا دەبێتە خاوەنی ٧٥٠ ملیۆن کەس.

# یەکەمین کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی لە هەولێر بەڕێوەچوو



وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە بەشداریی ٢٠٠ مامۆستا و پسپۆڕی نێوخۆ و دەروەی هەرێم یەکەمین کۆنفرانسی زانسیتی زمانی کوردیی لە ٢٨ی خەرمانان دەست پێکرد.

نەوزاد عەبدولعەزیز ڕاوێژکار و ڕێکخەری کارەکانی کۆنفراسی زانسیتی زمانی کوردیی، لەبارەی ئامانج و زەروورەتی ڕێکخستنی ئەو کۆنفرانسە ڕایگەیاند: وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بە هەست کردن بە پرسە نەتەوەییەکان بیری لە سازدانی ئەم کۆنفرانسە کردەوە، بۆ ئەوەش کە کۆنفرانسەکە پوخت و ڕێکوپێک بێت لە سەرجەم زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بە بێ جیاوازی لە خانەقینەوە بگرە هەتا زاخۆ پەیوەندیمان کرد بە کەسانی پسپۆڕ و شارەزای بواری زمانەوە.

ناوبراو هەروەها وتی: کە ٢٥ توێژینەوە ئامادە کراون و کۆنفرانسەکە بریتیە لە کۆنفرانسی زانستیی زمان، واتە: توێژینەوە لە زمان و ئاستی گەشەکردنی و لێک نزیک کردنەوەی زاراوەکان لە یەکتر، مەسەلەی تێرمینۆلۆژی، مەسەلەی زمانی خوێندن و نووسین و زمانی زانستەکان. هەموو ئەو بابەتانە و چەندین تەوەری دیکە ئامادە کراون هەتا توێژینەوەیان لەسەر بکرێ و لە کۆنفرانسەکەدا پێشکەش دەکرێن و گفتوگۆی چڕوپڕیان لەبارەوە دەکرێ بۆ ئەوەی لە کۆنفرانسێکدا ئەو ڕاسپاردانەی کە گەڵاڵە دەکرێن لەلایەن ئەندامانی کۆنفرانسەوە ڕابگەیەنرێن.

پێویستە بوترێ جگەلە پسپۆڕان و مامۆستاکانی بەشی کوردی لە زانکۆکانی کوردستان لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستانیشەوە پسپۆڕانی زمان لەو کۆنفراسەدا بەشدارن.

